# Factors Affecting the Agricultural Sector of Kirkuk (1958-1975)

Asaad Salih Abdullah[1], Dilshad Mahmoud Abdulrahman[2]
Salahadin University- Erbil-College of Arts-Department of History

*DOI: https://doi.org/10.31918/twejer.2583.04*

*Published:1/12/2025*

## *Abstract*

*The agricultural sector is one of the most important sectors of the economic system of any country and region, because the existence of human beings and the development of each region depends on the provision of adequate food. Agriculture and related activities were the basis of the economic life and livelihoods of the inhabitants of Kirkuk during the years (1958-1975). A number of factors had a significant impact on the agricultural sector in Kirkuk during the specified period of the study, the main objective of this study is to identify these factors and present historical information about them. To achieve this goal, the study relied on a set of government data and statistics and scientific and specialized sources. The results showed that a number of natural and human factors, especially the government's economic planning and policy, and the political situation in the country, were the most important factors that affected the agricultural sector during this period.*

***Keyword**: Agriculture, Agricultural Products, Kirkuk, Government Planning and Policy.*

# هۆکارە کاریگەرەکانی سەر کەرتی کشتوکاڵی کەرکووک لە ساڵانی (١٩٥٨-١٩٧٥)دا

اسعد صالح عبدالله — پ. ی. د. دڵشاد محمود عبدالرحمن
زانکۆی سەلاحەددین- هەولێر/ کۆلێژی ئاداب/ بەشی مێژوو
(asaad.abdullah@su.edu.krd) (dilshad.m.a@su.edu.krd)

**پوختە:**

کەرتی کشتوکاڵ بە یەکێک لە کەرتە گرنگەکانی سیستەمی ئابووریی هەر وڵات و ناوچەیەک لەقەڵەمدەدرێت، چونکە بوونی مرۆڤ و ئاوەدانیی هەر ناوچەیەک پەیوەستە بە دابینکردنی خۆراکی پێویست. کەرتی کشتوکاڵ و چالاکیە لاوەکیە پەیوەستەکانی، لە ماوەی ساڵانی (١٩٥٨-١٩٧٥) سەرچاوەی سەرەکیی ژیانی ئابووری و بژێویی دانیشتوانی کەرکووک بووە.

کۆمەڵێک هۆکار کاریگەریی گەورەیان، بە باش یان خراپ، لەسەر کەرتی کشتوکاڵی کەرکووک لە ماوەی دیاریکراوی توێژینەوەکە داناوە، ئامانجی سەرەکیی ئەم توێژینەوەیە دەستنیشانکردن و خستنەڕووی ئەو هۆکارانەیە. بۆ بەدەستهێنانی ئەم ئامانجە، توێژینەوەکە پشتی بەستوە بە کۆمەڵێک داتا و سەرژمێریی حکومی و سەرچاوەی زانستی و تایبەتمەند. ئەنجامەکان دەریدەخەن کە ژمارەیەک هۆی سروشتی و مرۆیی، بە تایبەت پلان و سیاسەتی ئابووریی حکومەت و بارودۆخی سیاسیی وڵات، گرنگترین هۆکار بوون کە کاریگەرییان لەسەر کەرتی کشتوکاڵی کەرکووک داناوە لەو ماوەیەدا.

**وشە کلیلییەکان: کشتوکاڵ، بەرووبوومی کشتوکاڵی، کەرکووک، پلان و سیاسەتی حکومەت.**

## پێشەکی:

کەرتی کشتوکاڵ بە کەرتێکی گرنگ و سەرەکیی سیستەمی ئابووریی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست هەژماردەکرێت، پێشکەوتن و گەشەسەندنی ئەم کەرتە بنەما و هۆی بەهێزیی وڵاتان دەردەخات. کەرتی کشتوکاڵ، لە ماوەی ساڵانی (١٩٥٨-١٩٧٥) سەرچاوەی سەرەکیی ژیانی ئابووری و بژێویی دانیشتوانی کەرکووک بووە. ئەوەش هۆکارێکی بەرچاو بوو لە هەڵبژاردنی ئەم بابەتە بۆ ئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیە.

**گرنگیی توێژینەوە:** لەوەدا خۆ دەنوێنێ، کە کارێکی زانستی و مێژووییە دەربارەی هۆکارە کاریگەرەکانی سەر کەرتی کشتوکاڵی کەرکووک لەو ماوە مێژووییە دیاریکراوەدا (١٩٥٨-١٩٧٥).

**ئامانجی توێژینەوە:** لە هۆکارە کاریگەرەکانی سەر کەرتی کشتوکاڵی کەرکووک، خستنەڕوو و زەقکردنەوەی دیوێکی گرنگی دیکەی مێژووی ئابووری و کۆمەڵایەتیی کەرکووکە. هەوڵێکیشە بۆ وەڵامدانەوەی چەند پرسیارێکی گرنگ، وەک: ئایا هۆکارە سروشتیەکان کاریگەریی ئەرێنی یان نەرێنییان لەسەر ڕەوشی کشتوکاڵکردنی کەرکووک داناوە، لەنێو هۆکارە مرۆییەکاندا کام هۆکار کاریگەریی گەورەی لەسەر کەرتی کشتوکاڵی کەرکووک هەبووە و بۆچی؟

**ڕێبازی توێژینەوە:** لەم توێژینەوەیەدا زۆرتر پشت بە دوو ڕێبازی توێژینەوەی مێژوویی بەستراوە، ڕێبازی پەسنی (وەسفی) بۆ خستنەڕووی داتا و زانیاریە مێژووییەکان، هەروەها ڕێبازی شیکاریش بە گوێرەی پێویست بەکارهێنراوە.

**شیکردنەوەی سەرچاوەکان:** لەم توێژینەوەیەدا زۆرتر پشت بە ئامارە فەرمی و تایبەتەکانی بواری کشتوکاڵی بەستراوە، ئەو ئامارانە داتا و زانیاریی وردی کشتوکاڵییان لەخۆگرتوە، هەروەها توێژینەوەکە بە شێوەیەکی بەرچاو سوودی لە سەرچاوەی تایبەتمەند و زانستی وەرگرتوە، کە لە لیستی سەرچاوەکان بە ڕوونی ئاماژەیان بۆ کراوە.

**پێکهاتەی توێژینەوە:** توێژینەوەکە لە پێشەکی و دوو تەوەرەی سەرەکی و ئەنجام پێکهاتوە. تەوەری یەکەم تایبەتکراوە بۆ باسی کاریگەری (هۆکارە سروشتیەکان) لەسەر کەرتی کشتوکاڵی کەرکووک، لە میانەیدا باس لە هۆکارە کاریگەرەکانی: (تۆپۆگرافیا، ئاووهەوا، ڕێژەی شێ، خاک، سامانی ئاو و دەردە کشتوکاڵیەکان) کراوە. تەوەرەی دووەمیش تەرخانکراوە بۆ باسی کاریگەری (هۆکارە مرۆییەکان) لەسەر کەرتی کشتوکاڵی کەرکووک، لە میانەیدا باس لە هۆکارە

کاریگەرەکانی: (پلان و سیاسەتی ئابووریی حکومەت، هۆیەکانی گواستنەوە، بارودۆخی سیاسیی وڵات) کراوە. لە کۆتاییشدا پوختەی ئەنجامگیریەکانی توێژینەوە خراونەتەڕوو.

### تەوەرەی یەکەم: هۆکارە سروشتیەکان

ئەو بنەما و هۆکارە سروشتیانەی کە کاریگەریی گەورە لەسەر جۆر و شێوازی بەرهەمهێنانی کشتوکاڵی دادەنێن بریتین لە: بەرزی و نزمی (دەشت و دۆڵ و چیا و بانەکان)، ئاووهەوا (پلەکانی گەرما و با و باران و بەفر)، خاک، دەرامەتی ئاو، (ڕووبار و کانی و جۆگە) (ئەحمەد و محەمەد، ٢٠٢٠، ل٧٣-٩١). هەوڵدەدەین بە پوختی دەربارەیان بدوێین:

### أ- تۆپۆگرافیا (بەرز و نزمی)

ڕووی زەوی کاریگەریەکی گرنگی لەسەر چالاکیی کشتوکاڵ هەیە، بە تایبەتی دەشتەکان کە گونجاوترین شوێنن بۆ بەرهەمی کشتوکاڵی، چونکە زەویی تەخت و دەشتایی کەمتر دووچاری ڕاماڵین دەبێتەوە، جگە لە کاریگەری لەسەر تایبەتمەندیەکانی خاک و توانای لەخۆگرتنی ئاو و ئاسانیی بەکارهێنانی ئامرازەکانی کشتوکاڵ و دامەزراندنی سیستەمی ئاودێریی باش، بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆش کاریگەریی لەسەر خاک و ڕووەکی سروشتی و ڕێگاکانی هاتووچۆ هەیە. جگە لەمانەش، لە ناوچە دەشتاییەکاندا پرۆسەی کشتوکاڵی، وەک کێڵان و چاندن و ئاودێری و چنینەوەی بەرهەمەکانی وەک: (دانەوێڵە، سەوزە، پەمۆ، پاقلەمەنی و... هتد) بە ئاسانی ئەنجامدەدرێت، بەڵام ناوچەی شاخاوی ئەو تایبەتمەندیانەی کەمترە و گەلێک گیروگرفت دەبنە ڕێگر لەبەردەم پرۆسەی کشتوکاڵ، زیاتر ئەم ناوچانە بۆ چاندانی داری میوە و لەوەڕگای هاوینە بۆ بەخێوکردنی مەڕوماڵات و... هتد بەکاردێت، هاوکات ناوچە دەشتاییەکان شوێنێکی لەبارن بۆ چالاکیەکانی مرۆڤ لە هەموو ڕوویەکەوە (العاني، ١٩٧٦، ص٢١-٢٨؛ محەمەدئەمین، ٢٠١٤، ل٥٧-٥٨).

کەرکووک لە ڕووی بەرز و نزمیی ڕووی زەوییەوە لە چەندین (گرد، چیا، دەشت و بان) پێکهاتوە، گرد و چیاکانی بەرزییان لەسەر ئاستی ڕووی دەریاوە لە (١٠٠٠م) تێپەڕناکات، زنجیرە چیای حەمرین بە گرنگترین چیاکانی کەرکووک دادەنرێت، ئەم چیایە لە ناوچەی (فەتحە) درێژدەبێتەوە تاکو سنووری عێراق-ئێران، کە بە درێژترین زنجیرە چیا لە عێراق دادەنرێت و درێژیەکەی نزیکەی (١٦٠کم) دەبێت (خصباک، ١٩٧٣، ص٤٠). هەندێک ڕووبار ئەم زنجیرە چیایە

دەبڕن وەکو ڕووباری دیجلە لە فەتحە، ڕووباری (ڕۆخانە) لە عوزێم، ڕووباری (میرقەبۆ) و (سیروان) لە لای مەنسوریە (عمر، ایلول ١٩٩٨، ص١٤١).

شانبەشانی چیای حەمرین، لەلای باشووری ڕۆژهەڵاتی لیوای کەرکووک چەندین گرد و چیای بچووک هەن، کە بریتین لە چیاکانی: (جبە و گلابات، گمار، کفری-بابا شاسوار، نەوت کۆ – دووز) (الخلف، ١٩٥٩، ص٦٧). جگە لەمانە چیاکانی (شاکەل، ساق-عەلی کۆ) بەشێکن لە بانی کەرکووک. لە بەشی ڕۆژئاوای کەرکووکیش، زنجیرەیەک چیا هەن، وەک: (کانی دومەلان، بانێوە)، هەروەها لە بەشەکانی باکوور و باشوور و ڕۆژهەڵاتی کەرکووک چەندین گرد و زنجیرە چیای دیکە هەن، وەک: (خالخالان، دەربەندی بازیان، عومەر ئولیا، داوەلان، سەگرمە، قۆپی قەرەداغ، باسک زەتور، کای کولی، نەوت داغ) (خصباک، ١٩٧٣، ص٤٤؛ الخلف، ١٩٥٩، ص٦٨؛ حمدامین و عبدالرحمن، ٢٠٠٦، ص٤٠).

گرد (تەپۆلکە) و بان، بەشێکی دیکەی تۆپۆگرافیای شاری کەرکووک پێکدەهێنن، کە بانی کەرکووک گرنگترینیانە (خصباک، ١٩٧٣، ص٤٢؛ الخلف، ١٩٥٩، ص٧٢). ئەم بانە عاسێ نییە و ڕووتەن و بێ ڕووەکە. جگە لە بانی کەرکووک بانی گرنگی دیکە بریتیە لە بانی (مەقان)، کە دەکەوێتە نێوان شاری کەرکووک و قەزای چەمچەماڵ بە دووری (٥کم) لە ڕۆژئاوای چەمچەماڵەوە (جەبار، ١١ی ئابی ٢٠٠٨، ل٣).

کەرکووک چەند دەشتێکی گرنگ و بەپیتی هەیە، وەک: دەشتی حەمرین، دەشتی حەویجە، دەشتی لەیلان(نەقشبەندی، ٢٠١٣، ل٢١٤؛ تاڵەبانی، پاییزی٢٠٠٠، ل١٢٠)، جگە لەم دەشتانەی ئاماژەیان پێکرا، چەندین دەشتی دیکە لە لیوای کەرکووکدا هەن، وەک: دەشتی گۆپتەپە، دەشتی بانەمان، دەشتی چولاک، دەشتی باتیوە(شاکەلی، ٢٠٠٣، ل١٣). بە شێوەیەکی گشتی دەشتەکان پێگەیەکی گرنگی ئابوورییان بۆ کەرکووک پێکهێناوە.

**ب– ئاووهەوا**

ئاووهەوا یەکێکە لەو هۆکارە سەرەکیانەی کاریگەریی ڕاستەوخۆ لەسەر ڕووی زەوی لە ڕووی جۆر و دابەشبوونی جوگرافیا و جۆر و بڕی بەرهەمی کشتوکاڵی و ڕووپۆشی ڕووەک و ئاژەڵ و جیاوازیی خاک و کشتوکاڵ و چالاکیی مرۆیی لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی دیکە بەجێدەهێڵێت، گرنگترین ڕەگەزەکانی ئاووهەواش بریتین لە (تیشکی خۆر، پلەی گەرمی، پەستانی هەوا، ئاراستە و خێرایی با، شێ و داباراین) (فاید، ٢٠١٢، ل٢٣).

بەهۆی هەڵکەوتەی جوگرافیەوە کەرکووک کەوتۆتە ژێر کاریگەریی ئاووهەوای دەریای ناوەڕاست و ئاووهەوای بیابانی، واتە بەشەکانی باکووری پارێزگاکە کاریگەرن بە ئاووهەوای دەریای ناوەڕاست، بەڵام بەشەکانی باشووری کەرکووک زیاتر لەژێر کاریگەری ئاووهەوای بیابانی و وشکدان، بەرزترین پلەی گەرمی لە وەرزی هاویندا دەگاتە (٤٥) پلەی سەدی، هەندێکجار سەرماکەی توند دەبێت، بەڵام بە شێوەیەکی گشتی مامناوەندیە (الخلف، ١٩٥٩، ص٦٥؛ العاني، ١٩٧٦، ص٣٣).

لە ماوەی دیاریکراوی توێژینەوەکەدا، بەرزترین پلەی گەرمی لە مانگەکانی (تەمموز و ئاب) بووە، کە (٤٨) پلە بووە، نزمترین پلەی گەرمیش لە مانگەکانی (کانوونی دووەم و شوبات) تۆمارکراوە، کە تێکڕای پلەی گەرمی (١٥) پلە بووە (ئاران، حوزەیرانی ٢٠٠١، ل١٨٦-١٩٠). لەو سۆنگەیەشەوە پلەی گەرمیی لیواکە شیاو بووە بۆ چاندنی زۆربەی بەروبوومە کشتوکاڵیەکان.

**ج- ڕێژەی شێ**

ڕێژەی شێ لە هەوادا ڕۆڵێکی گرنگی لە پرۆسەی کشتوکاڵدا هەیە، چونکە پەیوەندیەکی بەهێزی بە بەهەڵمبوون و ئاودانی ڕووەک و بەروبوومە کشتوکاڵیەکانەوە هەیە، بەرزبوونەوەی ڕێژەی شێ لە هەوادا دەبێتە هۆکاری لەناوچوونی بەروبوومە کشتوکاڵیەکان یان درەنگ پێگەیشتنیان (عمر، ٢٠٠٦، ص٣٣؛ فاید، ٢٠١٢، ل٨٩)، ئاستی شێ لە هەوادا لە کەرکوک ڕێژەیەکی مامناوەندی هەبووە و تێکڕای ساڵانەی ڕێژەی شێ ساڵی (١٩٦٥)، کە بە پێوەری سەدی تۆمارکراوە بریتیبووە لە (٢٩٪) (المجموعة الاحصائیة السنویة العامة ١٩٦٥، جدول رقم (٢٤)، ص١٦)، ئەوەش ڕێژەیەکی گونجاوە بۆ چالاکیە کشتوکاڵیەکان.

**د- خاک**

خاک بە ڕەگەزێکی گرنگی بنەما سروشتیەکانی کشتوکاڵ دادەنرێت، هۆکارێکە لە هۆکارە سەرەکیەکانی بەرهەمهێنان. جۆری خاک کاریگەریی ڕاستەوخۆی لەسەر باشی و خراپیی بەرهەمی کشتوکاڵی هەیە، چونکە هەر بەرهەمێک پێویستی بە جۆرێکی دیاریکراو لە خاک و ماددە کانزایی و ئۆرگانیەکان هەیە، کە لە ڕێگەی ڕەگەکانیەوە لە خاک وەریدەگرێت، سەرەڕای کاریگەریی قوڵی و تەنکیی خاک لەسەر جۆر و بڕی بەرهەمی کشتوکاڵی وەک خاکی دەشتەکان کە گونجاوتر و لەبارترن بۆ کشتوکاڵ، بەراورد بە خاکی چیاکان، کە بەهۆی داڕووتان و نەمانی

چینی سەرەوەی خاکەکەی کەمتر بۆ کشتوکاڵ سوودی لێوەردەگیرێت (العاني، ١٩٧٦، ص٤٥-٤٤؛ خياط، ١٩٧٠، ص٧-٨).

خاکی کەرکوک بە شێوەیەکی گشتی گونجاوە بۆ کشتوکاڵ، چونکە دەکەوێتە ناوچەی نیمچە شاخاوی، تاکو بەرەو باشووری ئەم ناوچەیە بچین ڕادەی بەرزی و نزمیی زەوی کەمدەبێتەوە، بەمەش کرداری داڕووتان و ڕاگوێزان و نیشتن کەمدەبێتەوە، ئەستووریی خاکیش زیادتر دەبێت، بەهۆی کەم لێژبوونەوە زۆربەی ڕووبەری ناوچەکە دادەپۆشێ، دەشتەکان زیاتر فراوانتر و کەمتر قووڵن، وەک دەشتە کشتوکاڵیەکانی: (حەمرین، کەرکووک، چەمچەماڵ، حەویجە) (قارەمان، ١٩٩٨، ل٨١).

**هـ- سامانی ئاو**

دابارین هاوشێوەی توخمەکانی تر بە ڕەگەزێکی گرنگی ئاووهەوا دادەنرێت لە ڕووی چەندێتی و چۆنایەتیەوە و کاریگەریەکی زۆری لەسەر بەرهەمە کشتوکاڵیەکان هەیە، بە تایبەتیش کشتوکاڵی دێمەکار، کشتوکاڵی کەرکووکیش زیاتر پشت بەم جۆرە دەبەستێت(کاکەیی، ٢٠٠٣، ل٩٥-٩٦)، بەهۆی ئەوەی کەرکووک کەوتوەتە ناوچەی نیمچە شاخاوی، لە زۆربەی کاتدا گەشەسەندنی کشتوکاڵ لە ناوچەکە پەیوەستە بە بڕی بارانبارین (خصباك، ١٩٧٣، ص٦٤-٦٥). زۆربەی دابارینی کەرکووک لە وەرزی زستاندایە، هاوشێوەی ناوچەکانی دیکەی کوردستان، ڕێژەی بارانبارین لە ناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکی دیکە و لە ساڵێکەوە بۆ ساڵێکی تر جیاوازە (عمر، ٢٠٠٢، ص٥٧-٥٨).

بێگومان بارانبارین کاریگەریی ڕاستەوخۆی هەبووە لەسەر جۆر و ڕێژەی بەروبوومی کشتوکاڵی لە کەرکووک، بە تایبەتیش دانەوێڵە، لەم سۆنگەیەوە کەمیی باران و وشکەساڵی گەورەترین مەترسی بووە بۆ سەر کشتوکاڵی کەرکووک، ئەم دیاردەیە لە نێوان ساڵانی (١٩٥٨-١٩٧٥) چەندین جار دووبارەبووەتەوە (التقرير السنوى أعمال المصرف الزراعي للسنة المالية ١٩٦٢-١٩٦٣، ص١١؛ التقرير السنوي عن أعمال المصرف الزراعي للسنة المالية ١٩٦٤-١٩٦٥، ص١١؛ التقرير السنوي عن أعمال المصرف الزراعي للسنة المالية ١٩٦٦-١٩٦٧، ص١٧؛ التقرير السنوي عن أعمال المصرف الزراعي للسنة المالية ١٩٦٧-١٩٦٨، ص٣٩). هاوکات لە هەندێک ساڵیشدا بەهۆی ڕێژنەبارانی بەهێز، زیانی زۆر بە بەرهەمە کشتوکاڵیەکان کەوتوە، بەتایبەتی بەروبوومی دانەوێڵە کە لە کاتی گوڵ دەرکردندا لە کۆتایی وەرزی بارانبارین لە مانگەکانی (نیسان و ئایار) زیانی پێکەوتوە و بەرهەمی دانەوێڵەی گەنم دابەزیوە بۆ کەمتر لە (٤٤) هەزار تۆن، وەک ئەوەی لە ساڵی ١٩٦٤ تووشی بەروبوومی دانەوێڵەی کەرکووک بووە (التقرير السنوي عن أعمال المصرف الزراعي للسنة المالية ١٩٦٣-١٩٦٤، ص١٠؛

العمري، ١٩٨٠، ص٢٩٥).

بە شێوەیەکی گشتی کشتوکاڵی کەرکووک پشت بە ئاوی باران دەبەستێت، بە تایبەتی دانەوێڵە، بۆیە کاتێک بارانبارین دوادەکەوێت و کاتی گەشەکردنی ڕووەک بەسەردەچێت، یا بە پێچەوانەوە هەندێ جاریش بارانێکی زۆر دەبارێت، دەغڵودان تووشی نەخۆشیی ژەنگ دەکات، کە ترسناکترین نەخۆشیی دەغل و دانە، هۆکارەکەی بۆ بارانبارینی ناوەخت دەگەڕێتەوە، بۆ نموونە لە ساڵی١٩٦٣ ئەم نەخۆشیە لەنێو دەغڵودانی کەرکووک بڵاوبوویەوە، ئەمەش بووە هۆکاری کەمیی بەرهەمی دانەوێڵە لەو ساڵەدا (التقرير السنوي عن أعمال المصرف الزراعي للسنة المالية ١٩٦٢-١٩٦٣، ص١١؛ حسين، ١٩٦٤، ص٨). هەروەها دیاردەی شەستەباران و تەرزەی بەهێز دەبێتە هۆی لەناوچوونی بەرهەمی کشتوکاڵی، بە تایبەتیش کاتێک لە قۆناغی کۆتایی گەشەکردنی(گەنم و جۆ) شەستە بارانی مانگەکانی ئادار و نیسان و تەرزە دەبێتە هۆی شکانی گوڵەگەنمەکان و لەناوچوونی تۆوەکەی، هەرچەندە شەستەباران بە کەمی لە کەرکووک ڕوودەدات، بەڵکو زیاتر نمەباران دەبارێت، ئەمەش بەهۆی نزیکبوونەوە لە پێدەشتەکان (خصباك، ١٩٧٣، ص٦١-٦٢). زەویی کشتوکاڵی کەرکووک لە (٨٥٪)ی پشت بە ئاوی باران دەبەستێت، بۆیە کاتێک داباران لە وەرزی زستاندا کەم بێت، ئەوا گرفت بۆ بەرووبوومی هاوینەش دروستدەبێت، کاتێک بۆ چەند ساڵێک لەسەریەک باران دوابکەوێت ئەوا وشکەساڵی ڕوودەدات و زیان بە بەرووبوومی کشتوکاڵی دەگات (البياتي، ١٩٩٠، ص٢٨).

کەرکووک دەوڵەمەندە بە دەرامەتی ئاو بە هەردوو جۆرەکەیەوە، ئاوی سەر زەوی و ئاوی ژێر زەوی، گرنگترین سەرچاوە ئاویەکانی کەرکووک بریتین لە: زێی بچووک، زێی عوزێم، ڕووباری سیروان، ڕووباری داقوق، ڕووباری خاسە) (طالب، ٢٠٠٤، ص١٠٠؛ عمر، ٢٠٠٢، ص٦١). ساڵی (١٩٦٥) بەنداوی دووبز لەسەر زێی بچووک بە مەبەستی ئاودێری دروستکرا بە گوژمەی (٢،٤٠٠،٠٠٠) دینار (منجزات لواء كركوك لسنة ١٩٦٣ -١٩٦٤ -١٩٦٥، ص٩٢). هەردوو بەنداوی دەربەندیخان و حەمرین لەسەر ئەم ڕووبارە دروستکراون (شەریف، ١٩٩٨، ل١٣٦؛ عەبدوڵڵا، ٢٠٠٥، ل١٩٩)).

سەرچاوەیەکی دیکەی دەرامەتی ئاو لە کەرکووک ئاوی ژێر زەویە، لیوای کەرکووک خاوەنی ژمارەیەک لە کانیاوە، بەپێی ئامارەکان ژمارەی کانیاوەکانی ناوچەی زێی بچووک بە (٤٠٠) کانیاو مەزندەکراون، کە بەشێک لەو کانیاوانە لە سنووری لیوای کەرکووکن (السعدي، ١٩٧٦، ص٢٥٢). لە ساڵی ١٩٦٩ ژمارەی بیرە ئیرتیوازیەکان لە کەرکووک گەیشتوەتە (١٤٣) بیر (المجموعة

الاحصائية السنوية العامة ١٩٦٩، ص٤٦٩). بەڵام لە ساڵی ١٩٧٣ ئەم ژمارەیە بەرزبووەتەوە بۆ (١٥٦) بیر (خصباک، ١٩٧٣، ص٩٥).

گومانی تێدا نییە ژمارەی بیرەکان بەراورد بە ڕووبەر و دانیشتووانی کەرکوک کەمبوون، بۆیە بیرەکان زیاتر بۆ خواردنەوە و ئاودانی ئاژەڵ سوودیان لێ وەرگیراوە و لە بواری کشتوکاڵیدا کەمتر سوودیان هەبووە، هەربۆیە زۆربەی دێهاتەکانی کەرکوک بۆ بەروبوومی کشتوکاڵی زیاتر سوودیان لە کارێز و کانیاو وەرگرتوە (تاڵەبانی، ١٩٩٣، (ڕەنگین)، ژمارە (٥١)، ل٩؛ محەمەد، ٢٠٠٩، ل١٣٣-١٣٤).

## و- دەردە کشتوکاڵیەکان

دەردە کشتوکاڵیەکانیش وەک ڕەگەزێکی هۆکارە سروشتیەکان کاریگەری لەسەر خراپی و کەمیی بەروبوومی کشتوکاڵی کەرکوک هەبووە، لە ماوەی ساڵانی دیاریکراوی توێژینەوەدا (١٩٥٨-١٩٧٥) چەندین جار بەروبوومە کشتوکاڵیەکانی کەرکوک دووچاری دەردی کشتوکاڵیی هەمەجۆر بوونەتەوە، وەک مێرووە زیانبەخشەکانی (کوللە و سن و کرمی پەمۆ)، زیندەوەرە زیانبەخشەکان گرفت لەبەردەم بەرهەمی کشتوکاڵی دروستدەکەن، بە تایبەتی (کوللە)، کە بە زۆری لە وەرزی پێگەیشتنی دەغڵودان پەیدادەبێت، وەک ئەوەی لە (١٩٥٨) زیانی گەورەی بە بەروبوومی کشتوکاڵیی کەرکووک گەیاندوە (کوثر اوغلو، ٢٠٠٦، ص٢٢٦).

کشتوکاڵی کەرکووک چونکە زۆرتر پشت بە ئاوی باران دەبەستێت، بۆیە دواکەوتنی دابارین لەکاتی خۆی و دابارینێکی زۆر دەغڵودان لە کۆتایی وەرزی پێگەیشتن، دەغڵودان تووشی نەخۆشیی ژەنگ دەکات، هەروەک لە وەرزی کشتوکاڵی (١٩٦٢-١٩٦٣) زیانێکی گەورە بەر گەنم کەوت (التقرير السنوي عن أعمال المصرف الزراعي ١٩٦٢-١٩٦٣، ص١١). هەروەها لە نێوان ساڵانی(١٩٦٣-١٩٦٤) بەرهەمی دانەوێڵەی زستانە بە تایبەتی گەنم زۆر لە کەمی دا، ئەویش بەهۆی تووشبوونی بە نەخۆشیی کورکی گەنم (تفحم الحنطة) (التقرير السنوي عن أعمال المصرف الزراعي ١٩٦٣ -١٩٦٤، ص١١).

بە مەبەستی قەڵاچۆکردنی ئەم نەخۆشیانە حکومەت لە ڕێگەی ڕشاندنی زەویە کشتوکاڵیەکان هەوڵی قەڵاچۆکردنی داوە، هەروەک لە نێوان ساڵانی (١٩٦٦-١٩٦٧) ڕووبەری (٥٠١) دۆنم زەوی لە کەرکووک لە نەخۆشیی کرمی قۆزاخەی پەمۆ (دودة جوز القطن) و جاڵجاڵۆکەی سوور (العنكبوت الأحمر) پاککراوەتەوە، هەر لە هەمان ساڵدا لە کەرکووک دارودرەختی سێو دووچاری کرمی ئەسپێی ڕووەک یان مۆرانە (المن القطني) بووە، بۆیە حکومەت (٢٠٠٠) داری سێوی لە

کەرکووک ڕشاندوە بە مەبەستی قەلاچۆکردنی ئەم جۆرە مێروو و کرمە زیانبەخشانە (التقرير السنوي لعام ١٩٦٦/١٩٦٧ القطاع الزراعي، ص٧٤-٧٥). لە لایەکی دیکەوە، زۆرجار جرج و مشک لە نێو کێڵگە و بێستانەکاندا بڵاوبوونەتەوە و زیانی گەورەیان بە بەرهەمە کشتوکاڵیەکان گەیاندوە و کاریگەری کردووەتە سەر کەمبوونەوەی بەرهەم، بۆیە لە ڕێگەی ڕشاندنی کێڵگەکان هەوڵی بەرلێگرتنی دراوە، لەم چوارچێوەیەدا لە ساڵی ١٩٦٦ (٨١٠٧٧) دۆنم زەوی لە کەرکووک و لیواکانی دیکەی عێراق لە کرمی قۆزاخەی پەمۆ و جاڵجاڵۆکەی سوور پاککراوەتەوە، لەگەڵ ڕشاندنی (٧٧٠) دۆنم زەوی بە دەرمانی (ئەکرۆساید) بۆ قەلاچۆکردنی سیسرکەی کێڵگە لە لیواکانی (کەرکووک و بەغدا)، هەروەها (٨٥٠) دۆنم زەوی پاککراوەتەوە بۆ قەلاچۆکردنی مێشوولەی کاڵەک لە هەریەک لە لیواکانی (کەرکووک، دیالە، بەغدا، حلە)، لەگەڵ ڕشاندنی (١٠١٢٠٩٧) داری سێو و قۆخ لە لیواکانی (کەرکووک، ڕومادی، مووسڵ، هەولێر، بەغدا، دیالە، کەربەلا، ناسریە) (ثورة ١٤ تموز في عامها الثامن، ١٩٦٦، ص١١٣ -١١٤). هەندێکجار بەهۆی ڕشاندنی کێڵگە کشتوکاڵیەکان، بە تایبەتی دانەوێڵە، بە دەرمان و پەینی کیمیایی، گرفتی تەندروستی بۆ هاووڵاتیان دروستبووە، لەم بارەیەوە ڕاپۆرتێکی بەریتانی کە مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی (١٩٧٢)، ئاماژە بە گیانلەدەستدانی هەزاران کەس دەکات، بە هۆی خواردنی گەنمی بە جیوە چاککراو لە ناوچە جیاجیاکانی باکووری عێراق، کە کەرکووکیش یەکێک لەو ناوچانە بووە، حکومەت ئەو گەنمەی بە جووتیاران دابوو تاکو بیچێنن، بەڵام هەندێک لە جووتیاران خواردیان و دواتر پێی مردن (هەروتی، ٢٠١٤، ل٢٢٤).

### تەوەرەی دووەم: هۆکارە مرۆییەکان

#### أ- پلان و سیاسەتی ئابووریی حکومەت

پلان و سیاسەتی ئابووریی حکومەت، یەکێکی دیکەیە لەو هۆکارانەی کە کاریگەریی گەورەی لەسەر کەرتی کشتوکاڵی کەرکووک هەبووە، سیاسەتی کشتوکاڵی کۆمەڵێک ڕێوشوێن و بەرنامەی کردارەکیی حکومەتە کە بە مەبەستی پێشخستنی کەرتی کشتوکاڵ دادەڕێژرێت، کۆمەڵێک ڕێوشوێن و پلانی کشتوکاڵیە بە ئامانجی بەرزکردنەوەی ئاست و جۆری بەرهەمی کشتوکاڵی و فەراهەمکردنی خۆشگوزەرانی بۆ جووتیاران و هێنانەدیی دادپەروەری و کەمکردنەوەی هەژاری بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی کاریگەر بەشداربێت لە پەرەپێدانی ئابووریدا،

ئایدیۆلۆژیای دەوڵەتیش ئاراستەکانی ئەم سیاسەتە ئابوورییەی حکومەتی دیاریکردوە (خەیات، ٢٠١٣، ل ٣٠٥-٣٠٦).

## ١- پلانە ئابوورییەکان

لە ماوەی ساڵانی (١٩٥٨–١٩٧٥) حکومەتی عێراق بە مەبەستی گەشەپێدانی ئابووریی وڵات چوار پلانی ئابووریی ڕاگەیاند (السامرائي، ١٩٧٧، ص١٤١). کەرتی کشتوکاڵ پشکی گرنگی لەو پلانانەدا هەبووە، تەنانەت لە پلانی سێیەمی ئابووری کە بە پلانی پێنج ساڵە ناسراوە (١٩٦٥–١٩٦٩) کۆی بودجەی تەرخانکراو بۆ ئەم پلانە ئابوورییە (٦٦٨) ملیۆن دینار بووە، لەم برە پارەیەش (٢٧٪)ی بۆ کەرتی کشتوکاڵ تەرخانکراوە (الوقائع العراقية، ١٩٦٥/٧/١؛ احمد، ١٩٧٨، ص٧٨-٨١)، هاوکات لە پلانی چوارەمی ئابووریدا (١٩٧٠–١٩٧٥)، کە بە پلانی گەشەپێدانی نەتەوەیی ناسرابوو، گرنگیی زیاتر بە کەرتی کشتوکاڵ دراوە، لە کۆی پارەی تەرخانکراو بۆ پلانە ئابوورییەکە، کە (٨٥٨) ملیۆن دینار بووە، (١٨٥) ملیۆن دینار بۆ کەرتی کشتوکاڵ تەرخانکراوە، کە دەکاتە (٢١٪)ی کۆی گشتیی پارەی تەرخانکراو (الوقائع العراقية، ١٩٧٠/٤/١؛ احمد، ١٩٧٨، ص٨١-٨٢)، ئەمەش دەرخەری ئەو ڕاستییەیە، کە لە پلانی ئابووریی سێیەم و چوارەمدا، لە ڕووی تەرخانکردنی پارەوە، بایەخ بە کەرتی کشتوکاڵ دراوە.

لە چوارچێوەی پلانی گەشەپێدانی نەتەوەیی ئاماژە بۆ کراودا، تەنیا گرنگی بە پرۆژە کشتوکاڵییەکانی قەزای حەویجە دراوە لە سنووری کەرکووک، بەپێی پلانەکە بڕی (٦٠٠) هەزار دینار تەرخانکراوە بۆ جێبەجێکردنی پرۆژە کشتوکاڵییەکانی قەزای حەویجە (صوت الفلاح، ١١ تموز١٩٧٠؛ البركي، ٢٠١٩، ص١٧٥)، پرۆژە کشتوکاڵییەکانی قەزای ناوبراو لەژێر ناوی کێڵگەی سۆشیالیزمی بە کۆمەڵ[1] جێبەجێکران، کە بۆ هەر بەروبوومێکی کشتوکاڵی (٥٠) دۆنم زەوی تەرخانکراوە و تێکڕای ڕووبەری داچێنراو بە بەرهەمی کشتوکاڵی گەیشتوەتە نزیکەی (٢٠) هەزار دۆنم، هاوکات (٢٢٠) جووتیار کاریان لەم کێڵگە کشتوکاڵییە هاوبەشانە کردوە، کە ڕاستەوخۆ لە لایەن لیژنەی سەرپەرشتیاری کشتوکاڵی و نوێنەرانی لقی کۆمەڵەی هەرەوەزیی کشتوکاڵی کەرکووک چاودێریکراون (صوت الفلاح، ٢٥ تموز١٩٧٠؛ البركي، ٢٠١٩، ص١٧٥).

لە کاتی جێبەجێکردنی پلانی ئابووریی ناوبراودا، داهاتەکانی حکومەت زیادیکردوە، ئەمەش لە ڕێگەی مۆرکردنی چەند ڕێککەوتننامەیەک لەگەڵ کۆمپانیا بیانییەکان لە بواری نەوت و دواتر خۆماڵیکردنی نەوتیش لە حوزەیرانی ١٩٧٢، بۆیە پارەی زیادەی تەرخانکراو گەیشتە یەک ملیار و (٥٥٩) ملیۆن دینار، لەم برە پارەیەش بڕی (١٥١) ملیۆن دیناری دیکە بۆ کەرتی

کشتوکاڵی تەرخانکراوە، بەم جۆرە تێکڕای پارەی تەرخانکراو بۆ بواری کشتوکاڵی گەیشتوەتە (٣٦٢) ملیۆن دینار (السامرائي، ١٩٧٧، ص١٥٢-١٥٤).

## ٢- پێدانی پێشینەی کشتوکاڵی

لە هەنگاوەکانی دیکەی حکومەت بۆ پێشخستن و پەرەپێدانی کەرتی کشتوکاڵی، بریتیبووە لە پێدانی پێشینەی کشتوکاڵی بە جووتیاران لە چوارچێوەی بانکێکی تایبەت بە ناوی بانکی کشتوکاڵی[٢]، پێشتر لە کەرکوک بانکی کشتوکاڵی هەبووە (کوثر أوغلو، ٢٠١٥، ص٢٤١). لە ماوەی ساڵانی دیاریکراوی توێژینەوەکەدا، ژمارەیەک جووتیاری کەرکوک سوودمەندبوونە لە پێشینەی کشتوکاڵی. بە گوێرەی ئامارەکانی بانکی کشتوکاڵی، ئەو برە پارەیەی وەکو قەرز و پێشینە دراوە بە جووتیارانی کەرکوک بەپێی ساڵەکان بەردەوام لە گۆڕانکاری و هەڵکشان و داکشاندا بووە، ئەمەش زیاتر پەیوەست بووە بە ڕەوشی سیاسی و ئابووریی وڵات، بۆ نموونە لە نێوان ساڵانی (١٩٥٩–١٩٦١) بڕی پارەی تەرخانکراو بۆ جووتیارانی کەرکوک (٣٥٨٩٠) دینار بووە، کە بۆ (١٧٧) جووتیار خەرجکراوە (التقرير السنوي عن اعمال المصرف الزراعي للسنوات المالية (١٩٥٩-١٩٦٠-١٩٦١)، ص١٢٠)، لە (١٩٦٣–١٩٦٤) برە پارەکە بۆ (٧٤٣٠) دینار کەمی کردوە (التقرير السنوي عن اعمال المصرف الزراعي للسنوات المالية (١٩٦٣- ١٩٦٤)، ص٤٢)، لە (١٩٧١–١٩٧٢) برە پارەکە بۆ (٣٠٦٩٥٠) دینار بەرزبووەتەوە، کە (٣٣٨) جووتیار لێی سوودمەند بوونە (التقرير السنوي عن اعمال المصرف الزراعي للسنوات المالية (١٩٧١- ١٩٧٢)، ص٤١). لە (١٩٧٤–١٩٧٥) برە پارەکە بۆ (٨٩١١٦) دینار کەمی کردوە، کە (٥٧) جووتیار لێی سوودمەند بوونە (التقرير السنوي عن اعمال المصرف الزراعي للسنوات المالية (١٩٧٤- ١٩٧٥)، ص٥٥).

بە وردبوونەوە لە ئامارەکانی بانکی کشتوکاڵی ڕووندەبێتەوە، کە ڕێژەی ئەو قەرزە کشتوکاڵیانەی بۆ کەرکوک تەرخانکراون بە بەراورد لەگەڵ هەموو یەکە کارگێڕیەکانی دیکەی عێراق زۆر کەم بووە، تەنانەت بۆ ساڵی (١٩٦٥–١٩٦٦) ڕێژەکە نەگەیشتوەتە (١٪)، لە بارێکدا بەرزترین ڕێژە ساڵی (١٩٧١–١٩٧٢) بووە، کە بریتیبووە لە (٩٪). ئەمە لە کاتێکدا بەشی هەرە زۆری داهاتی عێراق لەو قۆناغەدا لە بیرە نەوتەکانی کەرکووکەوە دابینکراوە، تەنانەت لە ساڵی (١٩٧٠) لە (٧٦٪)ی داهاتی هەموو عێراق لە نەوتی کەرکوک دابینکراوە (عبدالعزيز، ٢٠١٤، ص١٤٥-١٤٦).

### ٣- هۆیەکانی بەرهەمهێنان

هۆیەکانی بەرهەمهێنان بە یەکێک لە هۆکارە سەرەکیەکانی زیادکردنی بەرهەمی زەوی دادەنرێت، ئەمەش بە تاقیکردنەوە دەرکەوتوە لەکاتی بەکارهێنانی ئامێری نوێی کشتوکاڵی بۆ کێڵانی زەویەکان، بەرهەمی کشتوکاڵی لە دۆنمێک زەویدا لە نێوان (٢٠–٣٠٪) زیاد دەکات، جگە لەمەش پرۆسەی دروێنەکردن خێراتر دەکات و بە ماوەیەکی کەمتریش هەڵگرتنەوەی بەروبوومە کشتوکاڵیەکان کۆتاییدێت (وزارة الزراعة، ١٩٧١، ص٤٣)، لەم سۆنگەیەوە یەکێک لە گرفتە سەرەکیەکانی کەرتی کشتوکاڵ لە عێراق بە گشتی و کەرکووک بە تایبەتی پەیرەوکردنی شێوازی کۆن بووە لە کشتوکاڵکردندا، کشتوکاڵ بە ئامرازە کۆنەکانی وەک: (گاسن، داس، جەنجەر) کراوە، کە ئەمەش هۆکارێک بووە بۆ بەفیڕۆدانی کات و کەمیی بەرهەمی کشتوکاڵی بە تایبەتی لە سەردەمی پاشایەتیدا (خەسباک، ٢٠٠٥، ل٥١). بۆیە حکومەتی عێراق بە مەبەستی بەرەوپێشبردنی کەرتی کشتوکاڵ و گرتنەبەری ڕێوشوێنی زانستی و هەنگاونان بەرەو قۆناغێکی نوێی بەکارهێنانی ئامێری پێشکەوتووی کشتوکاڵی، لە ساڵی ١٩٥٩ ڕێککەوتننامەی (هاوکاری ئابووری و هونەری) لەگەڵ یەکێتیی سۆڤێیەت واژووکردووە، بەپێی ڕێککەوتننامەی ناوبراو پرۆژەی دامەزراندنی کارگەی دروستکردنی ئامێرە کشتوکاڵیەکان بڕیاری لەسەر دراوە (نعوم، ١٩٨٣، ص٢٨-٢٩؛ منشورات الثورة، ١٩٧٤، ص١٢٥).

سەبارەت بە کەرکوک لە ساڵی ١٩٥٨ (١٧٣٣٠) کێڵگەی کشتوکاڵی هەبوونە، بەڵام تەنها لە (٤٦٤) کێڵگەدا ئامێری کشتوکاڵی بەکارهێنراوە، بۆ نموونە بە گوێرەی ئاماری کشتوکاڵی و ئاژەڵی ساڵانی (١٩٥٨–١٩٥٩) ڕێژەی ئەو زەویە کشتوکاڵیانەی ئاژەڵ و ئامێریان بە یەکەوە تێدا بەکارهاتوە (٢،٦٧٪) بووە، ئەوانەشی تەنیا ئاژەڵیان تێدا بەکارهاتوە (٩٥،٥٨٪) بووە، هاوکات (١،٧٥٪)ی زەویەکانیش نە ئاژەڵ و نە ئامێریان تێدا بەکارنەهاتوە، ئەمەش دەرخەری ئەو ڕاستیەیە کە ژمارەی ئامێرە کشتوکاڵیەکان لە لیوای کەرکووکدا زۆر کەم بووە و بەشی پێداویستیی کشتوکاڵیی ناوچەکەی نەکردوە، بۆ نموونە هەر لە ساڵی ئاماژە بۆ کراودا لە لیواکە تەنیا (٦٥) کۆمباین (دەڕاسە) و (٣٢٤) تراکتۆر هەبووە، کە خاوەن زەویە کشتوکاڵیەکان خاوەنداریەتی ئەم ئامێرانەیان کردوە (نتائج الاحصاء الزراعي والحيواني في العراق لسنة ١٩٥٨- ١٩٥٩، ص١٢٨). بە تێپەڕینی ساڵان ژمارەی ئامێرە کشتوکاڵیەکان لە لیوای کەرکووک زیادیان کردوە، لە کۆتایی ساڵی ١٩٧٣ لە کەرتی تایبەتیدا بەرزبووەتەوە بۆ (١٠١٨) تراکتۆر و (١٥٣) کۆمباین، بەمجۆرە لە ماوەی (١٤) ساڵدا (٦٩٤) تراکتۆر و (٨٨) کۆمباین زیادیکردوە، ئەمە لە کاتێکدا لە

هەموو عێراقدا لە کەرتی تایبەتدا (١٠٩٢٤) تراکتۆر و (١٨٠٨) کۆمباین هەبووە (مکتب التنسيق والبحوث الزراعية، ١٩٧٨، ص٦٩). ئەگەر ئەم ژمارانە لەگەڵ پارێزگاکانی دیکەی کوردستان و هەندێ پارێزگای دیکەی ناوەڕاست و باشووری عێراق بەراورد بکەین، دەردەکەوێت بارودۆخی کەرکووک لە ڕووی ئامێرە کشتوکاڵیەکان باشتر بووە، چونکە لە دوای نەینەوا و ئەنبار و دیالە بە پلەی دووەمیش هاتوە لە دوای پارێزگای نەینەوا لە ڕووی ژمارەی دەڕاسەوە (مکتب التنسيق والبحوث الزراعية، ١٩٧٨، ص٦٩).

لە ماوەی ساڵانی دیاریکراوی ئەم توێژینەوەیەدا، حکومەت لە ڕێگەی دابەشکردن و فرۆشتنی ئامێرە کشتوکاڵیەکان بە نرخێکی هەرزان، هەوڵیداوە ڕێژەی بەکارهێنانی ئامێری کشتوکاڵی زیادبکات. بە گوێرەی ئامارەکان، کەمترین ئامێری تراکتۆر کە تەرخانکراوە بۆ کەرکووک لە (١٩٥٩) بووە، زۆرترین ژمارە لە (١٩٦٨) بووە، بەڵام سەبارەت بە ئامێری کۆمباین زۆرترین ژمارە لە (١٩٦٨) دابەشکراوە کە (٩٥) دانە بووە (کە ٥٤ دانەیان بە ئاژەڵ ڕاکێشراوە و ٤١ دانەشیان مەکینەیان هەبووە (المجموعة الاحصائية السنوية العامة ١٩٥٩، ص٧٩-٨٠؛ المجموعة الاحصائية السنوية لسنة ١٩٦١، ص٦٨-٦٩؛ المجموعة الاحصائية السنوية لسنة ١٩٦٣، ص١٠١-١٠٢؛ المجموعة الاحصائية السنوية لسنة ١٩٦٥، ص١٩٢-١٩٣؛ المجموعة الاحصائية السنوية لسنة ١٩٦٧، ص١٦٦-١٦٧؛ المجموعة الاحصائية السنوية العامة ١٩٦٩، ص١٧٣-١٧٤؛ المجموعة الاحصائية السنوية ١٩٧١، ص١٣٢-١٣٣؛ المجموعة الاحصائية السنوية ١٩٧٢، ص٩٧؛ المجموعة الاحصائية السنوية ١٩٧٣، ص١٣٧؛ المجموعة الاحصائية السنوية ١٩٧٤، ص١٢٢؛ المجموعة الاحصائية السنوية ١٩٧٥، ص١١١). جگە لە ئامێری تراکتۆر و کۆمباین چەندین جۆرە ئامێری دیکەی کشتوکاڵی بەسەر جووتیاراندا دابەشکراون و فرۆشراون، بۆ نموونە لە ساڵی ١٩٥٨ تەنیا (١) خەرماشە و (١) گاسن بە کەرکووک فرۆشراون (المجموعة الاحصائية السنوية ١٩٥٨، ص١١١). لە ساڵی ١٩٦٨ ڕێژەکە بەرزبووەتەوە بۆ (٦٥) خەرماشە و (٣١) گاسن و (٤٧١) ماتۆڕی ئاو (المجموعة الاحصائية السنوية ١٩٦٨، ص١٥٧-١٥٩)، بەڵام لە ساڵی ١٩٧٤ کەرکووک تەنیا (٢) خەرماشە و (١٣) گاسنی پێ فرۆشراون (المجموعة الاحصائية السنوية ١٩٧٤، ص١٢٢).

بە مەبەستی زیاتر بەرەوپێشبردنی کەرتی کشتوکاڵ، حکومەت ژمارەیەک وێستگەی بەکرێدانی ئامێرە کشتوکاڵیەکانی لە شارەکان ڕاگەیاند، لە شاری کەرکووک ساڵی ١٩٦٥ ئەم وێستگەیە کرایەوە بە تێچووی (٨٥٤٣٥) دینار(خلف، ٢٠١٢، ص٢٩٤)، تاوەکو ساڵی١٩٧٠ ئەم وێستگەیە (٢٦) تراکتۆر و (٤٥) کۆمباینی لەخۆگرتوە، کە جووتیارانی کەرکووک بۆ کێڵان و دروێنەکردنی بەرهەمە کشتوکاڵیەکان ئەو ئامێرانەیان لە وێستگەی ناوبراو بە کرێ گرتوە (القدو والسراج، ١٩٧١، ص٢٩-١٢١). بەڵام لە (١٩٧٥) ژمارەی ئامێرە کشتوکاڵیەکانی وێستگەی کەرکووک

بەرزبووەتەوە بۆ (١٧٤) تراکتۆر و (١٥٥) کۆمباین و (٧٦) خەرماشە و (٦٥) گاسن و (١٣) ئامێری حەفارە، کە بەکرێ دراونەتە جووتیاران، لە (١٩٦٨) ژمارەی ئامێرە کشتوکاڵیەکان لە وێستگەی ناوبراودا زۆر کەمتر بووە، کە (٣٨) تراکتۆر و (٤٠) کۆمباین و تەنیا (١) بلدۆزەر بووە و بەکرێ دراونەتە جووتیاران (المجموعة الاحصائية السنوية ١٩٧٥، ص١٠٩).

### ٤- دروستکردنی سایلۆ

دروستکردنی سایلۆ بە یەکێک لە هۆکارەکانی پەرەپێدانی بەرهەمی دانەوێڵە دادەنرێت، بەپێی پلانی ئابووریی پێنج ساڵەی (١٩٦٥–١٩٦٩)، بڕی (١٧٢) ملیۆن دینار بۆ کەرتی کشتوکاڵ تەرخانکرا بوو، لەم بڕە پارەیە بڕی (٤) ملیۆن دینار بۆ دروستکردنی سایلۆ و کۆگای هەڵگرتنی دانەوێڵە لە سەرتانسەری عێراق تەرخانکرابوو (الوقائع العراقية، ١٩٦٥/٧/١؛ خلف، ٢٠١٢، ص٣٥٥-٣٨١). هەرچەندە بە گوێرەی پلانی ئابووریی ئاماژە بۆ کراو بڕیار لەسەر دروستکردنی سایلۆ لە کەرکووک دراوە، بە توانای لەخۆگرتنی (٥٠) هەزار تۆن (ثورة ١٤تموز في عامها الثامن، ١٩٦٦، ص٢١)، بەڵام کەرکووک تاوەکو دوای ماوەی دیاریکراوی توێژینەوەکەمان بێبەش بووە لە سایلۆ (الجبوري، ٢٠٢٤، ص٧١-٧٤). ئەوەش هۆیەکی کاریگەر بووە لەسەر بەرەوپێشنەچوونی بەرهەمی دانەوێڵەی کەرکووک لەو قۆناغەدا[٤].

### ٥- قوتابخانەی کشتوکاڵی و هۆشیاریی کشتوکاڵی

قوتابخانە کشتوکاڵیەکان هۆیەکی دیکەی کاریگەربوون لەسەر کشتوکاڵ و بەرهەمە کشتوکاڵیەکان، حکومەت چەند قوتابخانەیەکی ناوەندی و ئامادەیی کردەوە، هەرچەندە مێژووی یەکەم قوتابخانەی ناوەندیی کشتوکاڵی لە کەرکووک دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی خوێندنی (١٩٥٧–١٩٥٨)، قوتابخانەی ناوبراو لە شارۆچکەی (ڕیاز) دامەزراوە (٣٨) قوتابی و (٣) مامۆستای لەخۆگرتوە (كوثر أوغلو، ٢٠١٦، ج١، ص٤٥٢)، بۆ ساڵی دواتر ژمارەی قوتابیەکانی گەیشتوەتە (٨٥) قوتابی، خوێندن لەم قوتابخانەیە ماوەی (٣) ساڵ بووە و قوتابیانی لە پۆلی سێیەمی ناوەندیەوە وەرگیراون، کە تەنیا (٩) قوتابخانەی کشتوکاڵی لەو ساڵەدا لە هەموو عێراقدا هەبووە (المجموعة الاحصائية السنوية العامة ١٩٦٠، ص٧٤). ئەم قوتابخانەیە سەدان قوتابی پێگەیاندوە، کە وەکو چاودێری کشتوکاڵی لە دامودەزگا کشتوکاڵیەکانی کەرکووک دامەزراون و سوود لە توانا و پسپۆڕییان وەرگیراوە.

شانبەشانی کردنەوەی قوتابخانەی ناوەندی و ئامادەیی کشتوکاڵی لە ناوەندی شارەکان، هاوکات لە بەڕێوبەرایەتیی کشتوکاڵی شارەکانیش بەشی ڕێنمایی کشتوکاڵی (الإرشاد الزراعي) هەوڵیداوە لەنێو جووتیاراندا هۆشیاریی کشتوکاڵی بڵاوبکاتەوە و ڕێگاکانی بەرهەمهێنانی کشتوکاڵی باشتر بکات و ئاشنایان بکات بە زانیاریی نوێ (هاشم، ١٩٧٠، ج٢، ص٩٢-٩٣)، هەر بۆیە بەشی ڕێنمایی کشتوکاڵی لە فەرمانگەی کشتوکاڵی کەرکووک، لە ساڵی ١٩٦٤ (٢٨٢) ئەزموونی تاقیکاری ئەنجامداوە لەسەر بەرهەمی دانەوێڵە و سەوزە و ڕووەکی ئالیک و باغ و بەکارهێنانی پەینی کیمیایی و چۆنیەتیی بەکارهێنانی قڕکەرەکان و لەناوبردنی نەخۆشیە کشتوکاڵیەکان (منجزات لواء كركوك لسنة ١٩٦٣-١٩٦٤-١٩٦٥، ص١٥٠-١٥١). بە مەبەستی زیاتر وشیارکردنەوەی جووتیاران، حکومەت ناوەندی ڕێنمایی کشتوکاڵی کردوەتەوە، لە نێوان ساڵانی (١٩٦٩-١٩٧٥)، (٧) بنکە لە کەرکووک هەبوون و ژمارەی ئەندامەکانی (١٨٨) ئەندام بووە، هاوکات تاوەکو ساڵی (١٩٧٥) (٣) ناوەندی ڕێنمایی کشتوکاڵی تایبەت بە ئافرەتانی گوندەکانی کەرکووک کراوەتەوە، کە (١٥٠) ئافرەت سوودمەندبوون لە ڕێنمایی کشتوکاڵی، لە هەمان کاتدا ئەم ناوەندانە ڕۆڵیان هەبووە لە کردنەوەی خولی نەهێشتنی نەخوێندەواری بۆ جووتیارانی گوندەکان لە هەردوو ڕەگەزی نێر و مێ، کە تاوەکو ساڵی (١٩٧٣) لە سنووری کەرکووک (٣٤) ناوەندی تایبەت بە پیاوان کە (٨٠٥) پیاو و (٤) ناوەندی تایبەت بە ئافرەتان کە (٨٠) ئافرەت، سوودمەندبوون لە خولەکانی نەهێشتنی نەخوێندەواری (المعيني، ١٩٨٨، ص٥٦-٨٢).

**٦- بەکارهێنانی پەینی کیمیایی**

کەمیی بەکارهێنانی پەینی کیمیاییش بە یەکێک لە هۆکارە مرۆییەکان دادەنرێت کە کاریگەریی لەسەر کشتوکاڵی کەرکووک هەبووە، چونکە بەکارهێنانی پەین زۆر کەم بووە و زۆربەی جووتیاران نەخوێندەوار بوون و بەکارهێنانی پەینیان بە شتێکی لاوەکی و خەرجیی زیادە داناوە (غەفوور، ٢٠٠٥، ل٣٤٢). سەرەڕای ئەوەی کە نەیانتوانیوە خەرجیی پەینی کیمیایی دابینبکەن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بەشێک لە جووتیاران پاشەڕۆی ئاژەڵیان وەکو پەین بەکارهێناوە (خياط، ١٩٧٠، ص١٣١). هەرچەندە پەینی کیمیایی کەم بەکارهاتوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لە سنووری کەرکووک بۆ وەرزی کشتوکاڵی (١٩٦٨-١٩٦٩)، (٣٠٧) تۆن پەینی کیمیایی لە ڕێگەی پێنج کۆمەڵەی هەرەوەزیی کشتوکاڵی دابەشکراوە بەسەر (٢٠١) جووتیار لە سنووری کارگێڕیی کەرکووک (رسل وسريرام والعبدالله، ١٩٧١، ص٩٨).

**ب- هۆیەکانی گواستنەوە**

هۆیەکانی گواستنەوە بە یەکێک لە هۆکارە مرۆییەکان دادەنرێت، کە کاریگەریەکی گەورەی لەسەر کەرتی کشتوکاڵ هەیە، ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕێت لە گەشەی ئابووریی هەر ناوچەیەکدا، چونکە پێشکەوتنی ڕێگاکانی گواستنەوە کاریگەری لەسەر جۆر و قەبارەی بەرهەمی کشتوکاڵی دەبێت، هۆکارێکی سەرەکیشە لە کەمبوونەوەی تێچوونی بەرهەم و گەیاندنی بەرهەمە کشتوکاڵیەکان بۆ بازاڕەکان، بە پێچەوانەشەوە ئەگەر تۆڕی هاتوچۆ و ئامرازەکانی گواستنەوەی باش فەراهەمنەبێت، ئەوا دەبێتە کۆسپ لەبەردەم هەڵکشانی ئاستی چالاکییە کشتوکاڵییەکان(سەعید، ٢٠١٣، ل١٣٢-١٣٣). پەیوەندی نێوان گواستنەوە و گەشەی ئابووری دوو لایەنەیە. یەکەمیان: بەکارهێنانی ڕێگاکانی گواستنەوەیە بۆ بەدەستهێنان و بەکاربردنی دەرامەتی سروشتی و گۆڕینیان بۆ دەرامەتی ئابووری. دووەمیان: گەشەکردنی تۆڕەکانی گواستنەوە دەبێتە هۆی گەشەکردنی بەرهەم، گەشەی ئابووری پەیوەستە بە پێشکەوتنی ڕێگاکانی گواستنەوە و هاتوچۆ، بۆ نموونە کەرتی کشتوکاڵ پێویستە دانیشتووان و بازاڕی بۆ فەراهەمبکرێت تاکو بەرهەمەکان بگەن بە دەستی بەکاربەر (محەمەد و کەریم، ٢٠١٦، ل٥٨). کەواتە گواستنەوە بە بڕبڕەی پشتی چالاکیی ئابووریی و بەرهەمی کشتوکاڵی یان خزمەتگوزاری دادەنرێت.

لە ماوەی دیاریکردنی توێژینەوەدا، ڕێگاکانی وشکانی لە کەرکووکدا وەک تاکە ڕێگا بۆ گواستنەوەی بەروبوومی کشتوکاڵی بەکارهاتوە، ئەمەش لە ڕێگەی بەکارهێنانی ئۆتۆمبێل، شەمەندەفەر، ناوچەکانی کەرکوک بە تۆڕێکی ڕێگاوبانی ئۆتۆمبێل بەیەکەوە بەستراونەتەوە، لەو ماوەیەشدا چەندین ڕێگای نوێ کراونەتەوە، ئەمەش کاریگەریی لەسەر گواستنەوەی بەروبوومە کشتوکاڵیەکان هەبوو، بەڵام لە هەمان کاتدا خراپیی ڕێگاوبانەکانی گوندەکان گرفتی گەورەیان بۆ گەیاندنی بەروبوومە کشتوکاڵیەکان بۆ بازاڕ دروستکردوە. وێڕای ئۆتۆمبێل سوود لە هێڵی شەمەندەفەریش بینراوە بۆ گواستنەوەی شمەک و کاڵاکان لە کەرکووکدا (عبدالعزيز، تموز ٢٠١٧، ص٣٩).

لە ماوەی ساڵانی (١٩٥٨–١٩٦٥) ڕێگا دەرەکیەکانی شار و شارۆچکەکانی سنووری کەرکووک فراوانتر و باشترکران، بڕی (٩) هەزار دیناریان بۆ تەرخانکرا، بەڵام بە هۆی ناجێگیریی ڕەوشی سیاسیی هەندێ ناوچەی کەرکووک، نەتواندرا سوود لە تەرخانکردنی ئەم بڕە پارەیە وەربگیردرێت بۆ جێبەجێکردنی پرۆژەکانی ڕێگاوبان لەو سنوورەدا (كركوك، ٥ أيلول١٩٦٤؛ منجزات لواء كركوك لسنة ١٩٦٣-١٩٦٤-١٩٦٥، ص٣٢-٧١). ڕێگاکانیش ئەمانە بوون: ڕێگای کەرکووک– پردێ– هەولێر بە درێژایی (٩١کم)، ڕێگای کەرکووک– تەقتەق– کۆیە– بێستانە– ڕانیە بە درێژایی

(٢٣٤کم)، ڕێگای کەرکووک– فەتحە– حەدییە– ڕوتبە بە درێژایی (٢٩٣کم)، ڕێگای کەرکووک– داقوق– دووزخورماتوو– کفری– جەلەولا بە درێژایی (١٤٨ کم)، ڕێگای کەرکووک– قەرەهەنجیر– چەمچەماڵ- بازیان– سلێمانی بە درێژیی (١١١کم)، ڕێگای کەرکووک– حەویجە بە درێژایی (٥٨کم)، ڕێگای کەرکووک– شوان و کەرکووک– قادرکەرەم بە درێژایی (٦٥کم) (محەمەدئەمین، ٢٠١٤، ل٣٠٩-٣١٠).

### ج- بارودۆخی سیاسیی وڵات

شۆڕشی ١٤ی تەمووزی ١٩٥٨ بە یەکێک لە ڕووداوە سیاسیە گرنگەکان دادەنرێت، کە کاریگەریی ڕاستەوخۆی لەسەر کەرتی کشتوکاڵی هەبووە، ئەمەش لە دەرئەنجامی دەرچواندنی قانوونی چاکسازیی کشتوکاڵیی ژمارە (٣٠)ی لە ئەیلولی هەمان ساڵدا. ئامانج لە دەرکردنی ئەم قانوونە برەودان و پێشخستنی بوارەکانی ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسی بوو لە وڵاتدا، کە ڕەهەندە ئابوورییەکەی بریتی بوو لە بەرزکردنەوەی ئاستی بەرهەمهێنانی کشتوکاڵی و هەڵتەکاندن و گۆڕینی ڕەگ و ڕیشەی پەیوەندیەکانی بەرهەمهێنان (الداهري، ١٩٧٥، ص٢٥٠).

دوای تێپەڕینی ماوەیەکی کەم بەسەر حوکمی عەبدولکەریم قاسم (١٩٥٨-١٩٦٣)، بە هۆی دروستبوونی گرژی لە پەیوەندیەکانی نێوان حکومەت و سەرکردایەتیی بزووتنەوەی کورد و سەرهەڵدانی شۆڕشی ئەیلول (١٩٦١-١٩٧٥)، بارودۆخی سیاسی و ئابووریی کەرکووک گۆڕانی زۆری بەسەردا هات، بە تایبەت لە دوای کودەتای (٨ی شوباتی ١٩٦٣)، شاڵاوی کوشتن و کاولکردن و سووتاندنی گوندەکانی کەرکووک لەلایەن گاردی نەتەوەیی (الحرس القومي) دەستپێیکرد (الخفاجي، ٢٠١٦، ص٢١-٤٥). لە ئەنجامدا ژمارەیەکی زۆر لە گوندنشینەکانی کەرکووک کۆچیان بۆ ناوەندی شار و شارۆچکەکان کرد. زۆرێک لە جووتیارانی کەرکووک دوای هەڵگیرسانی شۆڕشی کورد و شاڵاوی گاردی نەتەوەیی، کێڵگە و زەویە کشتوکاڵیەکانیان جێهێشت (تاڵەبانی، ٢٠٠٤، ل٩١؛ گلی، پاییزی ٢٠٠١، ل١٧٧؛ ڕزگار، ٢٠٠٣، ل١٢٩). ئەمەش هۆکاربوون بۆ سستبوونی چالاکیە کشتوکاڵیەکان.

ڕێژەی گوندنشینانی کەرکووک بەپێی سەرژمێریی ساڵی ١٩٥٧ (٦١٪) بووە، بەڵام ئەم ڕێژەیە بە گوێرەی سەرژمێریی ساڵی ١٩٦٥ دابەزیوە بۆ (٥٢٪) (محمد، ٢٠٠٢، ص٧٢؛ نتائج التعدد العام للسكان لسنة ١٩٦٥، ص١٢). ڕاگواستن و سووتاندنی گوندەکان، کاریگەریی ڕاستەوخۆی لەسەر چالاکیی کشتوکاڵیی ناوچەکە هەبووە، چونکە پیشەی سەرەکیی گوندنشینان کشتوکاڵ و ئاژەڵداری بووە، ئەمەش بووەتە هۆکاری کەمبوونەوەی بەرهەمی کشتوکاڵی.

دەستی کار بە یەکێک لەو هۆکارە گرنگانە دادەنرێت کە کاردەکاتە سەر کەرتی کشتوکاڵ لە ڕووی ژمارە و قەبارەوە، سروشتی کاری کشتوکاڵی لە هەر ناوچەیەک و سەردەمێکدا بێت پێویستی بە دەستی کار هەیە بۆ بەڕێوەبردن و بە ئاکام گەیاندنی قۆناغەکانی بەرهەمهێنان، هیچ کردارێکی کشتوکاڵ بەبێ دەستی کار ئەنجامنادرێت، هەروەها قەبارەی گوندنشینی بە شێوازێکی دیکەی زانینی چەندیەتیی دەستی کار لە بواری کشتوکاڵ دادەنرێت، بۆیە ئەم بنەمایە بە بنەمایەکی سەرەکی دادەنرێت لە چالاکیی کشتوکاڵیدا. بە گوێرەی سەرژمێریی ساڵانەی گەشەی دانیشتوان (١٩٥٨–١٩٥٩)، دانیشتوانی لیوای کەرکووک بریتیبووە لە (٤٠٣.٦٩٦) کەس (المجموعة الاحصائية السنوية العامة ١٩٥٩، ص٣٨). لە هەمانکاتدا بەپێی ئاماری کشتوکاڵی و ئاژەڵیی ساڵی (١٩٥٨)، ژمارەی ئەو کەسانەی لە لیوای کەرکووک کاریان لە کەرتی کشتوکاڵیدا کردوە بریتیبوونە لە (١٠٠.٤٧٩) کەس، کە دەکاتە (٢٤.٨٪)ی کۆی دانیشتووان(نتائج الاحصاء الزراعي والحيواني في العراق لسنة ١٩٥٨، ص١٢٦). ئەمە لە بارێکدایە کە بە گوێرەی سەرژمێریی ساڵانە (١٩٧١) ژمارەی دانیشتوانی پارێزگای کەرکووک بریتیبووە لە (٥٤٧.٤٨٠) کەس(المجموعة الاحصائية السنوية ١٩٧١، ص٧٧). لەم ژمارەیە (١١٨.٥٩٩) کەس لە کەرتی کشتوکاڵ کاریان کردووە، واتە بە ڕێژەی (٢١.٦٪) لە کۆی گشتیی دانیشتوانی کەرکووک (المجموعة الاحصائية السنوية ١٩٧٣، ص٨٥). ئەم ڕێژەیە بە بەراورد بە ساڵی (١٩٥٨–١٩٥٩) ڕێژەی کارگەرانی کەرتی کشتوکاڵ لە پارێزگاکە کەمی کردوە، ئەمەش بە هۆی ڕاگواستنی گوندنشینانەوە بۆ سەنتەری شار و شارۆچکەکان لە لایەن حکومەتەوە لە دوای ساڵی (١٩٦٨).

سەبارەت بە ژمارەی گوندنشینان لە کەرکووکدا، کە پەیوەندیی ڕاستەوخۆیان بە چالاکیە کشتوکاڵیەکانەوە هەیە، بەپێی سەرژمێریی گشتیی (١٩٥٧) ژمارەی دانیشتووانی لیوای کەرکووک (٣٨٨.٨٣٩) کەس بووە، لەم ژمارەیە (٢٣٦.٠٥٢)یان گوندنشین بوونە، واتە بە ڕێژەی (٦٠.٧٪) لە کۆی گشتیی دانیشتووان(المجموعة الاحصائية لتسجيل عام ١٩٥٧ لوائي السليمانية وكركوك، ص١٤٥؛ السماك، ١٩٧٨، ص٢٤٦)، بەڵام بەپێی سەرژمێریی گشتیی (١٩٦٥) ژمارەی دانیشتوانی لیوای کەرکووک (٤٧٣.٦٢٦) کەس بووە، کە (٢٤١.٦٧٩)یان گوندنشین بوونە، واتە بە ڕێژەی (٥١٪) لە کۆی گشتیی دانیشتوان (نتائج التعداد العام للسكان لسنة ١٩٦٥، ص١٢). ڕەوشی کشتوکاڵ و خراپیی بەربوومە کشتوکاڵیەکانی کەرکووک لە ئاکامی کەمبوونەوەی ژمارەی گوندنشینانی کەرکووک لە ساڵانی دواتردا زیاتر کاریگەری هەبووە، بە گوێرەی سەرژمێریی دانیشتوان لە (١٩٧٥)، ژمارەی گوندنشینانی کەرکووک بریتیبووە لە (٢٣٨.٠٠٠) کەس، واتە بە ڕێژەی (٣٩.٦٪) لە کۆی

گشتیی دانیشتوانی کەرکووک کە لەو ساڵەدا بریتیبووە لە (٦٠٠.٠٠٠) کەس (المجموعة الاحصائية السنوية ١٩٧٥، ص٣٤).

لە خستنەڕووی ئەم ژمارانەوە دەردەکەوێت گوندنشینانی کەرکووک لە نێوان ساڵانی (١٩٥٧–١٩٧٥) بەردەوام لە کەمبووندا بووە، لە کاتێکدا ساڵی (١٩٥٧) ڕێژەی گوندنشینانی کەرکووک بریتیبووە لە (٦٠.٧٪) کەس، کەچی لە ساڵی (١٩٦٥) بە ڕێژەی (٨.٣٪) و لە ساڵی (١٩٧٥) بە ڕێژەی (٢١.٣٪) گوندنشینان ژمارەیان کەمی کردوە. ئەمەش کاریگەریی ڕاستەوخۆی لەسەر کشتوکاڵ و بەرهەمە کشتوکاڵیەکانی کەرکووک هەبووە.

## ئەنجام

لە دوای بەدواداچوون و وردبوونەوە لە داتا و زانیاریە مێژوویەکان، توێژینەوەکە بە چەند ئەنجامگیریەک گەیشت، لە خوارەوەدا بە پوختی دەیانخەینەڕوو:

- کەرکووک بە هۆی هەڵکەوتە و شوێنە جوگرافیەکەی، ناوچەیەکی لەبار بووە بۆ کشتوکاڵ و ساغکردنەوەی بەروبوومە کشتوکاڵیەکان، خاوەن چەند دەشتێکی گرنگ و بەپیت بووە، وەک: دەشتی حەمرین، دەشتی حەویجە و دەشتی لەیلان و... هتد. هەروەها خاک و ئاووهەواکەی پارمەتیدەرێکی باش بووە بۆ ئەنجامدانی چالاکیە کشتوکاڵیەکان.
- یەکێک لە گرفتە سەرەکیەکانی کەرتی کشتوکاڵی کەرکووک پەیڕەوکردنی شێوازی کۆن بووە لە کشتوکاڵکردندا، کشتوکاڵکردن بە ئامرازە کۆنەکانی وەک: (گاسن، داس، جەنجەر) هۆکارێک بووە بۆ کەمیی بەروبوومی کشتوکاڵی، بە نموونە لە ساڵی ١٩٥٨ (١٧٣٣٠) کێڵگەی کشتوکاڵی لە کەرکووکدا هەبووە، بەڵام تەنها لە (٤٦٤) کێڵگەدا ئامێری کشتوکاڵی بەکارهێنراوە، واتا ڕێژەی ئەو زەوییە کشتوکاڵیانەی ئاژەڵ و ئامێریان بە یەکەوە تێدا بەکارهاتوە تەنها بریتبووە لە (٢.٦٧٪) لە کۆی گشتیی کێڵگە کشتوکاڵیەکانی کەرکووک، ئەم بارودۆخەش تاوەکو کۆتایی ماوەی دەستنیشانکراوی توێژینەوەکە گۆڕانێکی گەورەی تێدا بەدی نەهاتوە.
- کەرتی کشتوکاڵی کەرکووک بەپێی پلانە ئابووریەکانی حکومەت، بەراورد بە ناوچەکانی دیکەی عێراق، بڕە پارەیەکی کەمتری بۆ تەرخانکراوە، ئەمە لە کاتێکدا بەشی هەرە زۆری داهاتی عێراق لەو قۆناغەدا لە بیرە نەوتەکانی کەرکووکەوە دابینکراوە.
- یەکێک لە هۆکارە مرۆییە بنەڕەتیەکان کە کاریان کردوەتە سەر کەرتی کشتوکاڵی کەرکووک، بەردەوام کەمبوونی ڕێژەی ئەوانە بووە کە لە بواری کشتوکاڵدا کاریان کردوە،

هۆی ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ تێکدانی گوندەکان و ڕاگواستنی گوندنشینەکان بۆ ناوەندی شار و شارۆچکەکان لە ئەنجامی ناسەقامگیریی بارودۆخی سیاسی، جووتیارانی کەرکووک دوای هەڵگیرسانی شۆڕشی کورد (١٩٦١-١٩٧٥) و شاڵاوی گاردی نەتەوەیی (١٩٦٣)، ناچارکراون کێڵگە و زەویە کشتوکاڵیەکانیان جێبهێڵن. ئەم بارودۆخە تاوەکو کۆتایی ماوەی توێژینەوەکە بەردەوام بووە.

## پەراوێزەکان

١. کێڵگەی بە کۆمەڵ: ئەم کێڵگانە لە عێراقدا ڕەهەندێکی مێژووییان هەیە و لە سەرەتادا لە چاندنی برنج پەیڕەوکراوە، ئەویش کاتێک مولکدارەکان زەوییەکانیان بە شێوەی کۆمەڵ بە جووتیاران داوە تاوەکو دایبچێنن، لە ساڵی ١٩٦٩ لە عێراقدا ژمارەی کێڵگە هاوبەشەکان (٢٧) کێڵگە بووە، یەکەمین کێڵگەی بە کۆمەڵیش لە هەمان ساڵدا لە حەویجە تاقیکراوەتەوە و (٢٨) جووتیار بە هەرەوەزی لەم کێڵگەیەدا ڕووبەری (١٢٥٦) دۆنم زەوییان داچاندوە، تەنانەت لە نێوان ساڵانی (١٩٦٤-١٩٧٤) ڕووبەری تێکڕای ساڵانەی داچێندراو بە بەروبوومی کشتوکاڵی لە قەزای حەویجە گەیشتوەتە (٤١٦٤٥) دۆنم زەوی، بۆ زانیاریی زیاتر، بڕوانە: (وناس، ١٩٧٦، ص٨٤-١٣٤؛ المجموعة الاحصائية السنوية لسنة ١٩٧١، ص١٢٩).

٢. مێژووی دامەزراندنی یەکەمین بانکی کشتوکاڵی و پیشەسازی لە عێراق دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی پاشایەتی، کە بە پێی قانوونی ژمارە (٥١)ی ساڵی ١٩٣٥ لە مانگی حوزەیرانی ١٩٣٦ بانکی ناوبراو لقی سەرەکی لە بەغدا کردەوە، ئەم بانکە ئاسانکاری بۆ جووتیاران کردوە، ئەویش لە پێدانی قەرزی کشتوکاڵی بۆ کڕینی ئامێری کشتوکاڵی و پەینی کیمیایی و تۆو و.. تاد، بۆ زانیاریی زیاتر، بڕوانە: (الجبوري، ١٩٨٨، ص٨٤-٨٥؛ الوقائع العراقية، ١٩٣٥/٩/٢٦؛ الوقائع العراقية، ١٩٤٠/٣/٢٥؛ السامرائي، ١٩٦٩، ص١٧٧).

٣. بە پێی بڕگە و ماددەکانی ڕێکەوتنامەی هاوکاریی ئابووری و هونەری، لایەنی سۆڤییەتی بە مەبەستی دامەزراندنی کارگەی دروستکردنی ئامێرە کشتوکاڵییەکان، بەڵێنی دا تەکنیکار و شارەزایانی خۆی بۆ عێراق بنێرێت بە سەرمایەی (١٠) ملیۆن دیناری عێراقی لە باشووری شاری بەغدا، بەڵام بە هۆی سستی لە دروستکردنی کارگەکە، حکومەتی عێراق ناچاربوو (٢٠) ملیۆن دیناری دیکە تەرخان بکات بۆ پرۆژەی ناوبراو، دواجار ئەم کارگەیە لە ساڵی ١٩٧١ کەوتەکار و دەستیکرد بە دروستکردنی ئامێرە کشتوکاڵییەکان، تەنانەت لە نێوان ساڵانی (١٩٧٢-١٩٧٥) ئەم کارگەیە توانی (١٩٥٣) تراکتۆر و هەزاران کەرەستەی دیکەی بچووکی ئامێرە کشتوکاڵییەکان دروست بکات، بۆ زانیاریی زیاتر، بڕوانە: (نعوم، ١٩٨٣، ص٢٨-٢٩؛ منشورات الثورة، ١٩٧٤، ص١٢٥).

٤. بە گوێرەی پلانی ئابووریی ساڵانی (١٩٧٦-١٩٨٠) بڕیاری دروستکردنی سایلۆی کەرکووک درا لەسەر ڕێگەی کەرکووک-بەغدا، دواجار سایلۆی کەرکووک لە ساڵی ١٩٨٠ کەوتەکار، کە توانای هەڵگرتنی (١٤٥٠٠٠) تۆن گەنمی هەبووە، پاشان لە هەریەک لە قەزای حەویجە و ناحیەکانی (ڕیاز و تازە) سایلۆ دروستکراوە بە

قەبارەی جیاجیا بە مەبەستی هەڵگرتن و کۆگاکردنی دانەوێڵەی گەنم تیایاندا. بۆ زانیاریی زیاتر، لەبارەی سایلۆکانی سنووری کەرکووک، بڕوانە: (الجبوري، ٢٠٢٤، ص٧١-٧٤).

## لیستی سەرچاوەکان

**ئاماری فەرمی (بەڵگەنامە)**


١. الجمهورية العراقية، التقرير السنوي عن أعمال المصرف الزراعي للسنة المالية ١٩٦٦-١٩٦٧، شركة الطبع و النشر الاهلية، (بغداد-١٩٦٧).

٢. الجمهورية العراقية، التقرير السنوى أعمال المصرف الزراعي للسنة المالية ١٩٦٣-١٩٦٤، مطبعة الحكومة، (بغداد-١٩٦٤).

٣. الجمهورية العراقية، التقرير السنوي عن أعمال المصرف الزراعي للسنة المالية ١٩٦٢-١٩٦٣، مطبعة الحكومة، (بغداد-١٩٦٣).

٤. الجمهورية العراقية، التقرير السنوي عن أعمال المصرف الزراعي للسنة المالية ١٩٦٤-١٩٦٥، مطبعة الحكومة، (بغداد-١٩٦٥).

٥. الجمهورية العراقية، التقرير السنوي عن أعمال المصرف الزراعي للسنة المالية ١٩٦٧-١٩٦٨، مطبعة الادارة المحلية، (بغداد-١٩٦٨).

٦. الجمهورية العراقية، التقرير السنوي عن اعمال المصرف الزراعي للسنوات المالية (١٩٥٩١٩٦٠١٩٦١)، شركة الطبع والنشر الاهلية، (بغداد-١٩٦١).

٧. الجمهورية العراقية، التقرير السنوي عن اعمال المصرف الزراعي للسنوات المالية (١٩٧١-١٩٧٢)، دار الحرية للطباعة، (بغداد-١٩٧٣).

٨. الجمهورية العراقية، التقرير السنوي عن اعمال المصرف الزراعي للسنوات المالية (١٩٧٤-١٩٧٥)، دار الحرية للطباعة، (بغداد-١٩٧٧).

٩. الجمهورية العراقية، المجلس الزراعي، مكتب التنسيق والبحوث الزراعية، الدراسة رقم (٦٤)، الخطة الخمسية للمكننة الزراعية ١٩٧٦- ١٩٨٠، مطبعة العاني، (بغداد ١٩٧٨).

١٠. الجمهورية العراقية، منجزات لواء كركوك لسنة ١٩٦٣-١٩٦٤-١٩٦٥، شركة الطبع و النشر الاهلية، (بغداد-١٩٦٥).

١١. الجمهورية العراقية، وزارة الاقتصاد، الدائرة الرئسية للإحصاء، المجموعة الاحصائية السنوية العامة ١٩٥٧، مطبعة الزهراء، (بغداد–١٩٥٨).

١٢. الجمهورية العراقية، وزارة الاقتصاد، الدائرة الرئيسية للاحصاء، المجموعة الاحصائية السنوية العامة ١٩٥٨، مطبعة الزهراء، (بغداد-١٩٥٩).

١٣. الجمهورية العراقية، وزارة التخطيط، الجهاز المركزي للإحصاء، دائرة النشر والعلاقات العامة، المجموعة الاحصائية السنوية ١٩٧١، مطبعة الجهاز المركزي للإحصاء، (بغداد– ١٩٧٢).

١٤. الجمهورية العراقية، وزارة التخطيط، الجهاز المركزي للإحصاء، دائرة النشر والعلاقات العامة، المجموعة الاحصائية السنوية ١٩٧٣، مطبعة الجهاز المركزي للإحصاء، (بغداد– ١٩٧٤).
١٥. الجمهورية العراقية، وزارة التخطيط، الجهاز المركزي للإحصاء، دائرة النشر والعلاقات العامة، المجموعة الاحصائية السنوية ١٩٧٤، مطبعة الجهاز المركزي للإحصاء، (بغداد- ١٩٧٥).
١٦. الجمهورية العراقية، وزارة التخطيط، الجهاز المركزي للإحصاء، دائرة النشر والعلاقات العامة، المجموعة الاحصائية السنوية ١٩٧٥، مطبعة الجهاز المركزي للإحصاء، (بغداد– ١٩٧٦).
١٧. الجمهورية العراقية، وزارة التخطيط، الجهاز المركزي للإحصاء، نتائج التعداد العام للسكان لسنة ١٩٦٥، مطبعة الجهاز المركزي للإحصاء، (بغداد– ١٩٧٣).
١٨. الجمهورية العراقية، وزارة التخطيط، الجهاز المركزي للاحصاء، المجموعة الاحصائية السنوية ١٩٧٦، مطبعة الجهاز المركزي للاحصاء، (بغداد١٩٧٧).
١٩. الجمهورية العراقية، وزارة التخطيط، الدائرة الزراعية، التقرير السنوي لعام ١٩٦٧/١٩٦٦ القطاع الزراعي، طبع مركز وسائل الايضاح، (بغداد–١٩٦٧).
٢٠. الجمهورية العراقية، وزارة التخطيط، دائرة الاحصاء الركزية، نتائج الاحصاء الزراعي والحيواني في العراق لسنة ١٩٥٨١٩٥٩، مطبعة الحكومة، (بغداد–١٩٦١).
٢١. الجمهورية العراقية، وزارة التخطيط، دائرة الاحصاء المركزية، المجموعة الاحصائية السنوية العامة ١٩٥٩، مطبعة الزهراء، (بغداد–١٩٦٠).
٢٢. الجمهورية العراقية، وزارة التخطيط، دائرة الاحصاء المركزية، المجموعة الاحصائية السنوية العامة ١٩٦٠، مطبعة الزهراء، (بغداد–١٩٦١).
٢٣. الجمهورية العراقية، وزارة التخطيط، دائرة الاحصاء المركزية، المجموعة الاحصائية السنوية ١٩٦٨، مطبعة الزهراء، (بغداد–١٩٦٩).
٢٤. الجمهورية العراقية، وزارة التخطيط، دائرة الاحصاء المركزية، المجموعة الاحصائية السنوية ١٩٦٩، مطبعة الزهراء، (بغداد–١٩٧٠).
٢٥. الجمهورية العراقية، وزارة التخطيط، دائرة الاحصاء المركزية، قسم الابحاث والنشر، المجموعة الاحصائية السنوية العامة ١٩٦٥، مطبعة الحكومة، (بغداد–١٩٦٦).
٢٦. الجمهورية العراقية، وزارة الثقافة والارشاد، لجنة الدعاية والنشر لاحتفالات ثورة ١٤ تموز، ثورة ١٤تموز في عامها الثامن، مطبعة العاني، (بغداد- ١٩٦٦).
٢٧. الجمهورية العراقية، وزارة الداخلية، مديرية النفوس العامة، المجموعة الاحصائية لتسجيل عام ١٩٥٧ لوائي السليمانية وكركوك، مطبعة العاني، (بغداد– ١٩٥٨).
٢٨. الجمهورية العراقية، وزارة الزراعة، مديرية الديوان العامة، تطور القطاع الزراعي في العراق ١٩٦٥ ١٩٦٩، إعداد: قسم الاقتصاد الزراعي، المؤسسة العامة للصحافة والطباعة، (بغداد–١٩٧١).
٢٩. الجمهورية العراقية، وزارة الزراعة، مديرية الديوان العامة، دليل القطاع الزراعي في العراق لعامي ١٩٦٨١٩٦٩، طبع مركز وسائل الايضاح، (بغداد- ١٩٧٠).

٣٠. منشورات الثورة، التطور الاقتصادي في العراق بعد السابع عشر من تموز، مطبعة دار الثورة، (بغداد– ١٩٧٤).

**کتێب**

**أ– بە زمانی کوردی**

١. ئەحمەد و محەمەد، د.خەلیل ئیسماعیل و زاهیر کوێخا صادق (٢٠٢٠)، جوگرافیای کشتوکاڵ، چ١، چاپخانەی چوارچرا، هەولێر.

٢. بارزانی مسعود (٢٠٠٤)، بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد شۆڕشی ئەیلوول، بگ٣، ب٢ چ١، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.

٣. تاڵەبانی، د.نوری (٢٠٠٤)، ناوچەی کەرکووک هەوڵی گۆڕینی باری نەتەوەیی ئەم ناوچەیە، و: محەمەدی مەلا کەریم، چ٢، دەزگای چاپ و بڵاکردنەوەی ئاراس، هەولێر.

٤. خەسباک، شاکر (٢٠٠٥)، کوردو مەسەلەی کورد، و: ئەمجەد شاکەلی، چ٢، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر.

٥. خەیات، د.کمال (٢٠١٣)، ئابووری کستوکاڵ لەگەڵ ئاماژە بۆ ئابووری کستوکاڵ لە هەریمی کوردستانی عێراق، و: نەژاد شمقار، چ١، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی.

٦. محەمەد و کەریم، شاد حەمید و ئەحمەد ڕەفیق (٢٠١٦)، جوگرافیای گواستنەوە، چ١، دەزگای ڕۆشنبیری جەمال عیرفان، چاپخانەی تاران، سلێمانی.

٧. سەعید، د.کامەران تاهیر (٢٠١٣)، جوگرافیای عێراق مرۆیی و چالاکی ئابووری، چ١، نارین بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، هەولێر.

٨. شاکەلی، محەمەد (٢٠٠٣)، گەرمیان رابردووی نزیک و ئایندە، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی.

٩. شاکەلی، محەمەد (٢٠٠٣)، گەرمیان ڕابردووی نزیک و ئایندە، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی.

١٠. شەریف، د.ئازاد جەلال (١٩٩٨)، سەرچاوەی دەرامەتی ئاو، لە کتێبی: جیۆگرافیای هەرێمی کوردستانی عێراق، چ١، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.

١١. عەبدوڵلا، خەبات (٢٠٠٥)، جوگرافیای عەسکەریی کوردستانی باشوور، چ٢، چاپخانەی روون، سلێمانی.

١٢. غەفوور، د.عەبدوڵلا (٢٠٠٥)، جوگرافیای کوردستان، چ٤، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.

١٣. فاید، د.یوسف عەبدولەمجید (٢٠١٢)، جوگرافیای ئاووهەواو ڕووەک، و: گۆران ئیمامی، چ١، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی.

١٤. قادر، د.جەبار (٢٠٢٢)، کەرکووک نەفرەتی نەفرەتی نەوت و ستەمی دیمۆگرافیا، چ٢، بڵاوکراوەی ئەکادیمیای کوردی، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر.

١٥. قارەمان، لەیلا محەمەد (١٩٩٨)، خاکی هەرێمی کوردستان، لە کتێبی: جیۆگرافیای هەرێمی کوردستانی عێراق، چ١، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.

١٦. کاکەیی، د.فەرەیدوون (٢٠٠٣)، داهات و ئەمنی ئاو لە هەرێمی کوردستاندا، لە کتێبی: گیروگرفتی ئاو لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی کوردستان، سلێمانی.

١٧. محەمەد، سمكۆ بەهرۆز (٢٠٠٩)، گۆڕانە ئابوورییەكانی كەركووك لە روانگەی سەردەمە مێژووییەكانەوە، چ١، دەزگای چاپ و پەخشی حەمدی، سلێمانی.
١٨. محەمەد، مراد حەكیم (٢٠٠٤)، ئاكامە كۆمەڵایەتییەكانی سیاسەتی ڕاگواستنی كورد لە عێراق لە سەردەمی بەعسدا، سەنتەری لێكۆڵینەوەی ستراتیجی كوردستان، سلێمانی.
١٩. محەمەدئەمین، هاوڕێ یاسین (٢٠١٤)، لێكۆڵینەوەیەک لە جوگرافیای هەرێمی كوردستان، چ٣، چاپخانەی كارۆ، سلێمانی.
٢٠. نەقشبەندی، د.ئازاد محەمەد ئەمین (٢٠١٣)، لێكۆڵینەوە كوردستانیەكان (هەڵسەنگاندنی جیۆپۆلەتیكی توخمە سروشتیەكانی جوگرافیای هەریمی كوردستانی عێراق)، چاپخانەی ڕۆشنبیری، هەولێر.
٢١. هەروتی، د.سەعدی عوسمان (٢٠١٤)، كورد و كوردستان لە بەڵگەنامە و سەرچاوە مێژوویەكاندا (سەردەمی نوێ و هاوچەرخ)، چاپخانەی موكریانی، هەولێر.

**ب- بە زمانی عەرەبی**

١. البرازي و العاني، د.نوري خليل و د.خطاب صكار(١٩٧٩)، جغرافية العراق، دار الكتب للطباعة والنشر، بغداد.
٢. خصباك، د.شاكر (١٩٧٣)، العراق الشمالي (دراسة لنواحيه الطبيعية والبشرية)، الطبعة الاولى، مطبعة شفيق، بغداد.
٣. الخفاجي، فايز (٢٠١٦)، الحرس القومي ودوره الدموي في العراق، ط٢، دار سطور للنشر و التوزيع، بغداد.
٤. الخلف، د.جاسم محمد (١٩٥٩)، جغرافية العراق الطبيعية والبشرية، دار المعرفة، القاهرة.
٥. خياط، د.كمال محمد سعيد (١٩٧٠)، القطاع الزراعي في العراق مسح شامل لموارده وتقييم أساليب تنميته، ط١، مطبعة العاني، بغداد.
٦. خياط، د.كمال محمد سعيد (١٩٧٠)، القطاع الزراعي في العراق (مسح شامل الموارده و تقييم أساليب تنميته) ط١، مطبعة العاني، بغداد.
٧. الداهري، د.عبدالوهاب مطر، (١٩٧٥)، السياسة الزراعية - إقتصاديات الاصلاح الزراعي، ط٢، مطبعة العاني، بغداد.
٨. رسل و سريرام و العبدالله، روبرت اي و كوبا . في. و غازي إبراهيم (١٩٧١)، تقييم تطور الحركة التعاونية في مناطق الاصلاح الزراعي في العراق، بغداد.
٩. السامرائي، د.سعيد عبود (١٩٧٧)، التطور الاقتصادي الحديث في العراق، ط١، مطبعة القضاء، النجف الاشرف.
١٠. السامرائي، سعيد عبود (١٩٦٩)، النظام النقدي والمصرفي في العراق، ط١، مطبعة دار البصري، بغداد.
١١. السعدي، عباس فاضل (١٩٧٦)، منطقة الزاب الصغير في العراق، مطبعة أسعد، بغداد.
١٢. السماك، د.محمد أزهر سعيد (١٩٧٨)، دراسات في الموارد الاقتصادية، ط١، د.م.
١٣. العاني، د.خطاب صكار (١٩٧٦)، جغرافية العراق الزراعية، ط٢، مطبعة العاني بغداد.
١٤. عمر, محمد عبدالله (٢٠٠٢)، دور مياه الكرد في تعريب محافظة كركوك، في: كركوك- بحوث الندوة العلمية حول كركوك ٣-٥ نيسان ٢٠٠١ أربيل، ط١، دار آراس للطباعة والنشر، أربيل.
١٥. العمري، سناء عبدالله (١٩٨٠)، إنتاج وإستهلاک الحنطة في العراق ١٩٥٠_ ١٩٨٠، دار الحرية للطباعة، بغداد.
١٦. القدو والسراج، د.بديع و طالب عبدالكريم (١٩٧١)، مكننة الزراعة في العراق، بغداد.

١٧. كوثر أوغلو، نجات (٢٠٠٦)، من حوادث كركوك ١٧٠٠_ ١٩٥٨، ج١، منشورات دائرة التربية والثقافة للجبهة التركمانية العراقية، كركوك.
١٨. كوثر أوغلو، نجات (٢٠١٥)، صفحات من تاريخ كركوك منذ فجر التاريخ الى ١٩٥٨، ط١، دار الحكمة، لندن.
١٩. كوثر أوغلو، نجات (٢٠١٦)، التعليم في كركوك قديما وحديثا (١٥٣٤- ٢٠١٠)، ج١، ط١، دار الحكمة، لندن.
٢٠. محمد، د.خليل اسماعيل (٢٠٠٢)، كركوك دراسات في التكوين القومي للسكان، ط١، منشورات جريدة ميديا، مطبعة دارا، أربيل.
٢١. الموصلي، منذر (٢٠٠٠)، القضية الكردية في العراق (البعث و الأكراد)، ط١، دار المختار، دمشق.
٢٢. نكديمون، شلومو (١٩٩٧)، الموساد في العراق ودول الجوار إنهيار الآمال الإسرائيلية والكردية، ت: بدر عقيلي، ط٢، مطبعة دار القدس، بيروت.
٢٣. هاشم، د.جواد وآخرون (١٩٧٠)، تقييم النمو الاقتصادي في العراق ١٩٥٠_ ١٩٧٠ تطور القطاعات السلعية، ج٢، بغداد.

**نامه و تێزی زانكۆیی**

١. احمد، فائز شاكر (١٩٧٨)، النمو الاقتصادي المتوازن وخطط التنمية الاقتصادية في العراق، رسالة ماجستير، كلية الادارة والاقتصاد، جامعة بغداد.
٢. البركي، طيف سوادي صياح (٢٠١٩)، كركوك دراسة في أوضاعها الاجتماعية والاقتصادية ١٩٦٨ – ١٩٧٩، رسالة ماجستير، جامعة القادسية.
٣. البياتي، على خليل أحمد (١٩٩٠) ، الاوضاع الاقتصادية في العراق١٩٣٢-١٩٣٩، رسالة ماجستير، كلية الآداب، جامعة بغداد.
٤. الجبوري، محمود حميد خليل (١٩٨٨)، المصرف الزراعي التعاوني ودوره في التنمية الزراعية في العراق ١٩٧٦-١٩٨٦، رسالة ماجستير، كلية الادارة والاقتصاد، جامعة المستنصرية، بغداد.
٥. الجبوري، ياسر حمد خلف عبد (٢٠٢٤)، التوطن الصناعي لمطاحن الحبوب في محافظة كركوك وآفاقها المستقبلية، رسالة ماجستير، كلية التربية للعلوم الانسانية، جامعة تكريت.
٦. خلف، إيمان مصطفى (٢٠١٢)، سياسة التخطيط الاقتصادي في العراق (١٩٦٤- ١٩٧٥)، أطروحة دكتوراه، كلية التربية إبن رشد، جامعة بغداد.
٧. طالب، جزا توفيق (٢٠٠٤)، إقليم كوردستان العراق ( دراسة في الجغرافية السياسية )، أطروحة دكتوراه، كلية العلوم الانسانية، جامعة السليمانية.
٨. عبدالعزيز، دلشاد عمر (٢٠١٤)، شركة نفط العراق المحدودة دراسة تاريخية في نشاطها الاقتصادي والخدمي في كركوك (١٩٢٧_ ١٩٧٢)، أطروحة دكتوراه، كلية الآداب، جامعة الموصل.
٩. عمر، لقمان وسو (٢٠٠٦)، التغيرات المناخية واثرها في متطلبات تحقيق التنمية الزراعية في محافظة اربيل، اطروحة دكتوراه، فاكلتي التربية، جامعة كۆيه.
١٠. نعوم، غانم بولص (١٩٨٣)، واقع تطور صناعة الجرارات والآلات الزراعية في العراق ١٩٧١- ١٩٨٠، رسالة ماجستير، كلية الادارة والاقتصاد، جامعة بغداد.

١١. وناس، خالد توفيق (١٩٧٦)، دور مزارع الدولة بالقطاع الزراعي في العراق، رسالة ماجستير، جامعة القاهرة.
١٢. المعيني، عبدالكريم عبد علي عيسى (١٩٨٨)، دور الصناعات الغذائية في التكامل الاقتصادي العربي (صناعات مختارة)، رسالة ماجستير، معهد الدراسات القومية والاشتراكية، جامعة المستنصرية.

**وتار و توێژینەوە**

**أ- بە زمانی کوردی**

١. ئاران (حوزەیرانی ٢٠٠١)، ئارابخای وولاتی کوردەواری لە مێژوودا، گۆڤاری (هەزارمێرد)، ژمارە (١٦) تایبەت بە پارێزگای کەرکووک.
٢. تاڵەبانی، د.ناهید جەمال (١٩٩٣)، کانیاو لە ژیانی کوردەواریدا، گۆڤاری(ڕەنگین)، ژمارە (٥١).
٣. تاڵەبانی، ناهیدە جەمال (پاییزی٢٠٠٠)، پاراستنی ئاووخاک لە هەردوو چەمی خاسەو زەغیتون، گۆڤاری (کەرکووک)، ژ(٢)، ساڵی دووەم.
٤. جەبار، ڕۆستەم (١١ی ئابی ٢٠٠٨)، بانی مەقان و گرنگی بۆ چەمچەماڵ، ڕۆژنامەی (چەرموو)، ژ (٦)، کەرکووک.
٥. ڕزگار، بورهان ئیبراهیم (بەهاری ٢٠٠٣)، کەرکوک و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد ١٩٥٨-١٩٦٨، گۆڤاری کەرکووک، ژ(٤)، سلێمانی.
٦. گلی، نیزامەدین (پاییزی ٢٠٠١)، لێکۆڵینەوەیەکی گشتی سەبارەت بە کەرکووک، گۆڤاری (سەنتەری برایەتی)، ژ(٢١).

**ب- بە زمانی عەرەبی**

١. جريدة (الوقائع العراقية)، العدد (١١٣٥)، ١٩٦٥/٧/١.
٢. جريدة (الوقائع العراقية)، العدد (١٤٥٩)، ١٩٣٥/٩/٢٦
٣. جريدة (الوقائع العراقية)، العدد (١٧٨٣)، ١٩٤٠/٣/٢٥
٤. جريدة (الوقائع العراقية)، العدد (١٨٦٢)، ١٩٧٠/٤/١.
٥. جريدة (الوقائع العراقية)، ع (١١٣٥)، ١٩٦٥/٧/١.
٦. جريدة (صوت الفلاح)، العدد (٨٥)، ١١تموز ١٩٧٠.
٧. جريدة (صوت الفلاح)، العدد (٨٦)، ٢٥ تموز ١٩٧٠.
٨. جريدة (كركوك)، ع(١٨٤٦)، ٥ أيلول ١٩٦٤.
٩. السعدي، عباس فاضل (١٩٧١)، الذاب الصغير و إمكانية إستثمار مياهه، مجلة (الجمعية الجغرافية العراقية)، مج (٧)، مطبعة سلمان الاعظمي، بغداد.
١٠. عبدالعزيز، د.دلشاد عمر ( تموز ٢٠١٧ )، تاريخ السكك الحديد في كركوك وأثره الإقتصادي والاجتماعي ١٩٢٥_ ١٩٨٥، مجلة (الدراسات التاريخية والحضارية)، مج (٩)، العدد (٣٠).
١١.عمر، محمد عبدالله (ايلول ١٩٩٨)، الامن القومي الكوردي لأراضى محافظة كركوك الزراعية، مجلة (هاواری کەرکوک)، العدد (١)، أربيل.

**ئەتڵەس**

١. حمدامين و عبدالرحمن، هاشم ياسين و سردار محمد (٢٠٠٦)، أطلس كركوك (تاريخي-إداري-طبيعي-بشري-سياسي-إقتصادي)، ط٢، أربيل.

# العوامل المؤثرة على القطاع الزراعي في كركوك بين اعوام (١٩٥٨-١٩٧٥)

**اسعد صالح عبدالله** **پ.ی.د. دلشاد محمود عبدالرحمن**

جامعة صلاح الدين- أربيل/ كلية الآداب/ قسم التاريخ

(asaad.abdullah@su.edu.krd) (dilshad.m.a@su.edu.krd)

ملخص

يعتبر القطاع الزراعي من أهم قطاعات المنظومة الاقتصادية لأي بلد ومنطقة، لأن وجود الإنسان وتنمية كل منطقة يعتمد على توفير الغذاء الكافي. كانت الزراعة والأنشطة المرتبطة بها أساس الحياة الاقتصادية وسبل العيش لسكان كركوك خلال الأعوام (١٩٥٨-١٩٧٥).

كان لعدد من العوامل تأثير كبير على القطاع الزراعي في كركوك خلال الفترة المحددة من الدراسة، الهدف الرئيسي من هذه الدراسة هو تحديد هذه العوامل وعرض معلومات تاريخية عنهم. لتحقيق هذا الهدف، اعتمدت الدراسة على مجموعة من البيانات والإحصاءات الحكومية والمصادر العلمية والمتخصصة. وأظهرت النتائج أن عددا من العوامل الطبيعية والبشرية، وخاصة التخطيط والسياسة الاقتصادية للحكومة، والوضع السياسي في البلاد، كانت أهم العوامل التي أثرت على القطاع الزراعي خلال هذه الفترة.

كلمات مفتاحية: **الزراعة، المنتجات الزراعية، كركوك، التخطيط والسياسات الحكومية.**